زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی زانستە سیاسییەکان
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی
قۆناغی سێیەم - سمیستەری یەکەم
ساڵی خوێندن: ٢٠٢١-٢٠٢٢

# تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی


د. پەرویزرحیم قادر
مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان
بەشی سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی
parwez.qader@su.edu.krd

## ناونیشانی وانە:

# مێژووو پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش (security studies)، وە هەندێک جار لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی نێونەتەوەیی (international security studies)پێدەگووترێت.

هیوا و خواستی پاراستنی ئاسایش و ڕێگەگرتن لە بەرپابوونەوەی جەنگ بووە هۆی دروستبوونی بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان وەکو دیسیپلین لە ساڵی ١٩١٩ لە زانکۆی ئەبەریستویزلە بەڕیتانیا

مەبەست لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان خوێندنی هەموو لێککارییە (interaction) سیاسییەکانی ئەکتەرە نێونەتەوەییەکانە، بەتایبەت دەوڵەت و دامەزراوە و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان (ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان)، هەروەها تاڕادەیەک هەندێک لە تاکە تایبەت و بەهێزەکانیش (وەکو ئوسامە بن لادن)

## ناونیشانی وانە:

# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

مەبەستی خودی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشیش کارکردنە لەسەر کۆمەڵێک لەو لێککارییە سیاسیانە کە پەیوەندیی بە پاراستنی ئاسایشی ئەکتەرە جیاوازەکانەوە هەیە لە سیستەمی نێونەتەوەییدا.

بۆ یەکەم جار دوو گۆڤاری گرینگیی زانستی دەرچوون بە ناوی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی (International Organization) لە ساڵی ١٩٤٧، هەروەها جیهانی سیاسەت (World Politics) لە ساڵی ١٩٤٨، ئەو دوو گۆڤارە بووە دەروازە و پلاتفۆرمێکی گرینگ بۆ شارەزاکانی ئاسایش بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی ئاسایش، کە تا ئەوکات بابەتی سەرەکی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش تەنها بریتی بوو لە 'ئاسایشی دەوڵەت'.

## ناونیشانی وانە:

# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

لە کلاسیکدا، بەشێکی گرینگیی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش کارکردن بوو لەسەر پەیوەندییەکانی (بە تایبەت پەیوەندییە سەربازییەکان) نێوان زلهێزەکان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا، وە مێژووی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانیش لە میانەی بابەتی ململانێی نێوان زلهێزەکان و سەرهەڵدان و رووخانی دەوڵەتە بەهێزەکانەوە سەیر دەکرا. پێکدادان و ململانێی سەربازی نێوان زلهێزەکان، وە بە هۆی ترس و دەرهاوێشتەکانی ئەو پێکدادان و ململانێ سەربازییانە، بابەتی چۆنیەتی پاراستنی ئاسایشی دەوڵەت بایەخێکی زۆری وەرگرت. ئەمەش بووە خاڵێکی بنەڕەتی بۆ تێگەیشتن لە هزر و پیادەی ئاسایش .

ناونیشانی وانە:

# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

لە سەردەمی جەنگی ساردا، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بارگاوی بوو بە چەند پرسێک کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە سەردەمی سیستەمی دوو جەمسەری و هەژموونی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت لە جیهاندا هەبوو؛ لەوانە: پرسی چەکی ناوەکی (nuclear weapons)، ڕەدع (deterrence)، هاوسەنگی هێز (balance of power)، ستراتیژیەت (strategy)، مانەوە (survival)، کێبڕکێی خۆپڕچەککردن (arms race)، ئیحتیوا (containment) و جوگرافیای سیاسی (geopolitics). ئاسایش لە چوارچێوەی بابەتەکانی جەنگ و سەربازی و هەڕەشە و ململانێ، وەکو پرسێکی زانستی سەیر دەکرا، وە هەوڵ دەدرا شیکردنەوە و دەرەنجامێکی بابەتەکی (objective) بۆ پرسەکانی ئاسایش تەرخان بکرێت.

ناونیشانی وانە:

# مێژووو پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

گریمانەی زاڵ بریتی بوو لە ئەوەی تاکەکان ئاسایشیان ئەو کاتە پارێزراو دەبێت کە ئاسایشی دەوڵەتەکانیان پارێزراو بوو. ئەو گریمانەیەش بووە هۆی ناساندنی دەوڵەت وەکو تاکە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش .

هەر لەبەرئەوە زۆرجار ئاسایش وەکو هاوشێوە و هاوواتای لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت (strategic studies) دەبیندرا

یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت لەو قۆناغە مێژووییەدا، جەخت کردن بوو لە سەر ستراتیژیەتی سەربازی لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی سیاسەت.

## ناونیشانی وانە:

# مێژووو پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

توانایی لە خوێندنەوەی گۆڕانکارییەکانی ئەو قۆناغەدا دەبینیەوە. کاتێک جەنگە گەورەکان بەرەو نەمان دەڕۆیشتن، لە بەرامبەردا هەڕەشە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان لە زیادبووندا بوون، ئەوە وایکرد لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت نەتوانێت هاوکێشە و گۆڕانکاری و واقیعە جیاوازەکان بخوێنێتەوە.

لە بەرامبەر بابەتی ستراتیژیدا، لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەر ئاستێکی فراوان بە شێوەیەک دەرکەوت کە توانای پێشکەش کردنی چوارچێوەیەکی رێکخراوەیی و سیستەماتیکی تۆکمەی هەبێت بۆ تێگەیشتن لە هەڕەشە و مەترسییە فرە رەهەند و ئاڵۆزەکانی قۆناغی دوای جەنگی سارد.

## ناونیشانی وانە:

# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

لێکۆڵینەوەکانی ستراتیژیەت بەشێکە لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش، هەروەک لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشیش بەشێکە لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، ئەویش خودی خۆی بەشێکە لە زانستی سیاسەت.

- لە سەردەمی جەنگی سارددا لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە میانەی چەند گریمانەیەکدا جێگیر ببوو:
- 1- دەوڵەت وەکو تاکە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش.
- 2- ئاسایش لە روانگەی ستراتیژیەتی سەربازییەوە سەیردەکرا.
- 3- بە زانستکردنی ئاسایش؛ پێشکەشکردنی شیکردنەوە و دەرەنجامێکی بابەتەکیانە.
- 4- دەستپێوەگرتنی دۆخی هەنووکەیی نەوەک گۆڕانی ڕیشەیی.
- 5- ئاسایش وەکو هاوواتای مانەوە.

## ناونیشانی وانە:

# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

کۆتایی بە جەنگی سارد هات، بووە هۆی شۆکی زۆرێک لە شارەزا و ئەکادیمی و بڕیاردەرانی سیاسییەوە. هیچ یەک لە تیۆرەکان پێشبینی کۆتایی هێنانی جەنگی ساردییان بە بێ پێکدادانێکی سەربازی و خوێناوی نەدەکرد.

- 1- ناڕەزایی بەشێک لە شارەزاکانی ئاسایش لە گریمانە زاڵ و باوەکانی ریالیزم، کە باڵی بەسەر لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەردەمی جەنگی سارد کێشابوو.
- 2- پێویستی وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی ئەو کێشە نوێیانەی کە لە سیستەمی جیهانی دوای جەنگی ساردەوە سەریان هەڵدابوو: لەوانە پرسی ناسنامە و پرسی ژینگە.
- 3- هەوڵی بەردەوامی شارەزاکانی ئاسایش بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بکەن بە دیسپلینێک بۆ ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ بێت لە وەڵامدانەوەی پرسیارە نوێیەکان

## ناونیشانی وانە:

# مێژوو و پەرەسەندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش

لە گرینگترین خەسڵەتەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش  لە پاش جەنگی سارد(١٩٤٥-١٩٩٢)بریتی بوو لە خوێندنەوەی ئاسایش لەژێر رۆشنایی گۆڕانکارییەکانی سەردەمی بەجیهانیبوون (globalization). بەجیهانیبوون لە رووی سیاسی، ئابووریی، جیۆگرافی، کلتوری و تەنانەت لە رووی هێزەوە خاوەنی ساختاری تایبەت بە خۆیەتی. ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی لە دوای جەنگی سارد ئەگەر ناوێکی بۆ دابندرێت بە قەوڵی تۆماس فریدمان دەبێت 'بەجیهانیبوون' بێت .

ناونیشانی وانە:

# چەمک و پێناسەی ئاسایش

تاکە شت زۆربەی شارەزاکان لەسەری کۆک بن ئەوەیە چەمکی 'ئاسایش' چەمکێکی قسە لەسەرو پڕ ناکۆکییە، وە بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە.

لەگەڵ ئەمەشدا، بەشێک لە شارەزاکان لەسەر ئەو ڕایە تارادەیەک کۆکن کە ئاسایش بریتییە لە ئازادیی لە دەست ئەو هەڕەشانەی لەسەر بەها گەورەکان هەیە، بەڵام ناکۆکی گەورە لەسەر ناوەڕۆکی شیکردنەوەی ئاسایشدایە، ئاخۆ دەبێت ناوەڕۆ و تەرکیزی لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئاسایشی 'تاک'، 'نەتەوە' یا 'نێونەتەوەیی' بێت.

چەمکی ئاسایش بەردەوام وەکو چەمکێکی پۆزەتیف سەیرنەکراوە. بە درێژایی چاخەکانی ناوەڕاست لە گوتاری سیۆلۆجی ئەو چاخەوە سەیری ئاسایش وەکو بارێکی نێگەتیف کراوە.

ناونیشانی وانە:

# چەمک و پێناسەی ئاسایش

چەمکی (Security) لە (Secures) لاتینیەوە هاتووە کە بە مانای (بێ دڵەڕاوکێ) دێت، واتە متمانە و ئاسایش بوونی هەبێت و مرۆڤ لە هەڕەشە و مەترسییەکان ڕزگار بێت . چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی (National Security)، دوای لەدایکبوونی دەوڵەت-نەتەوە (nation- state) هاتۆتەئاراوە.

لەسەرەتادا، چەمکی ئاسایش لەبەرامبەر چەمکی ئاشتی دا بەکارهاتووە وەکوو ئامادەکارییەک بۆ سرینەوە یاخود نەبوونی جەنگ. بەپێی وتەی توێژەری بواری ئاسایشی نەتەوەیی "رۆما رۆتشیلد"(Emma Rothschild) چەمکی ئاسایش هەر لە سەدەی ١٧ی زایینەوە لە هزری سیاسی ئەوروپیەکاندا بوونی هەبووە. چەمکی ئاسایش لە وشەی لاتینی(securitas) وەرگیراوە کە پاشان بۆ وشەی (securus) گۆڕدراوە وبە مانای ئازادی ورزگاربوون لە چاودێری(care) هاتووە.

## ناونیشانی وانە:

# چەمک و پێناسەی ئاسایش

ئاسایش ئازادییەکی ڕێژەییە لە دەست جەنگدا. یەکانگیرە لەگەڵ پێشبینییەکی بەرزی ڕێژەییانە کە کاتێک جەنگ ڕوودەدات. شکست ئاکامی ئەو جەنگە نابێت (بێلامی، ١٩٨١:١٠٢).

- ئاسایش ئاماژەپێدەرێکی بەهێزە، و بانگەشەکردنی ئاسایش دەبێتە هۆی ئەوەی دیاردەیەک لە بواری سیاسەتی ڕۆژانە دەربهێندرێت و وەکو هەڕەشەیەکی وجودی پێشانبدرێت کە پێویستی بە گرتنبەری ڕێوشوێنە لەناکاوەکان دەبێت. ئەو بانگەشەیە پاساو بۆ کردارەکان لە دەرەوەی سنورە ئاساییەکان و ڕێ و شوێنی سیاسییەکان دەهێنێتەوە (وەیڤەر،a ١٩٩٥ :١).
- نەتەوەیەک ئەو کاتە ئاسایشی پارێزراوە کاتێک ناچار نەبێت قوربانی بە بەها جەوهەرییەکان و بەرژەوەدنییە ڕەوەکانی بدات لە پێناو دوورخستنەوەی جەنگ، هەروەها کاتێک هەڕەشەی لێدەکرێت و دەچێتە جەنگەوە، توانای پاراستنی بەها و بەرژەوەدنییەکانی هەبێت لە ڕێگای سەرکەوتن لە جەنگێکی لەم شێوەدا (لیپمان، ١٩٤٣:٥١).
- ئاسایشی نیشتیمانی رەنگە پێناسە بکرێت وەکو توانای ڕووبەڕووبوونەوەی دەست درێژییە دەرەکییەکان (لۆشیانی، ١٩٨٨:١٥١).

ناونیشانی وانە:

# چەمک و پێناسەی ئاسایش

- هۆی هەڕەشەی سەراپا و لە ماوەی کاتێکی زۆر کووڕتدا لەسەر ئاستی ژیانی خەڵک لە وڵاتدا. یا (٢) هەڕەشەیەکی گەورە دروستدەکات لە ڕێگای نەهێشتن و کورتکردنەوەی ئەو هەڵبژاردنانەی کە لەبەردەم سیاسەتی حکومەت و دەوڵەت و کیانە تایبەت و ناحکومییەکان دایە (ئوڵمان، ١٩٨٣: ١٣٣).
- ئاسایش-نائاسایش لە پەیوەندیدا بە بابەتە هەستیارەکانی سەر هەردوو ئاستی ناوەخۆیی و دەرەکی پێناسەدەکرێت کە دەبنە هۆی هەڕەشە یاخود ئەگەری هێنانەخوارەوە و لاوازکردنی ساختارەکانی دەوڵەت: لەسەر هەردووک ساختار جوگرافی و دامەزراوەیی، هەروەها ساختاری ڕژێمی حوکم کردن (ئەیوب، ١٩٩٥: ٩).
- ئاسایش بریتییە لە نەبوونی هەڕەشە، بریتییە لە ڕزگاردکردن و ئازادکردنی مرۆڤەکان (تاکەکان و گرووپەکان) لە دەست ئەو ڕێبەستە جەستەیی و مرۆییانەی کە ڕێگەیان لێدەگرێت ئەو کارانە بکەن کە کاتێک ئازادن لە هەڵبژاردنیان. جەنگ و هەڕەشەی جەنگ یەکێکن لەو ڕێبەستانە، لەگەڵ بابەتەکانی هەژاری، خراپی پەروەردە، ستەمی سیاسی و هتد. ئازادیی و ئاسایش دوو رووی سەر هەمان دراون. ئازادیی، نەوەک هێزو ڕێسا و یاسا، بە تەنها دەتوانێت ئاسایشی ڕاستەقینە دابینبکات (بۆتس، ١٩٩١: ٣١٩).

## ناونیشانی وانە:

# چەمک و پێناسەی ئاسایش

- ئەگەر خەڵک، جا ئەگەر وەزیرەکانی حکومەت و کەسە تایبەتەکان بن، هەستیان کرد کە پرسێک دەبێتە هۆی هەڕەشە لەسەر ژیانیان لە هەندێک لاوە و کە دەبێت سیاسیانە وەڵامی ئەو پرسە بدرێتەوە، پاشان ئەو پرسە دەکرێت وەکو پرسێکی ئاسایش ببینرێت (هۆگ، ٢٠٠٤: ٩).
- ئاسایش تەنها چەمک و بابەتێک کۆمەڵایەتی نییە کە دەبێت بخوێندرێت و شیبکرێتەوە، بەڵکوو کێشەیەکە دەبێت ئیدارە بکرێت یا کۆنترۆڵ بکرێت لە لایەن کۆمەڵگا مرۆییەکانەوە لەسەر بنەمایەکی دیاریکراو، ئەگەر ئەو کۆمەڵگایانە دەیانەوێت هیوای مانەوەیان بخوازن (سمیس، ٢٠١٠b: ٢).
- ئاسایشێکی سەقامگیر تەنها لە ڕێگای خەڵک و گرووپەکانەوە دەکرێت بەدەستهێندرێت بەمەرجێک ئەوانە کەسانی دیکە دوورنەخەنەوە؛ ئەگەر لە ئاسایش تێگەیشتین وەکو پرۆسەی رزگاربوون ئەوا دەکرێت بەدەستیهێنین (ویلەرو بۆتس، ١٩٩٤).

# ناونیشانی وانە:

# چەمک و پێناسەی ئاسایش

- چەمکی ئاسایش بە توانای دەوڵەت پێناسە دەکرێت سەبارەت بە بەرگری و پاراستنی خاک و بەها بنچینەییەکانی خۆ لە هەرەشە و مەترسییە سەربازییەکان. لەم روانگەیەوە دابینکردن و دەستەبەرکردنی ئاسایش لەلایەن دەولەتانە کە لەرێگەی پەیرەوکردنی سیاسەتی سەربازییەوە دەستەبەر دەکرێت، مانەوەش(survival)ئامانجی سەرەکییە(Bellany, 1981: 102).
- "ئارنۆڵد وۆڵفێر "Arnold O. Wolfers" ئاسایشی نەتەوەیی بە هێمایەکی نارِوون (Ambiguous ) Symbolپێناسە دەکات و پێیوایە ناکرێت بەهیچ شێوەیەک پیناسەی بکەین( See: Wolfers, 192̌, (pp: 481-502.
- ستیڤان واڵت(Stephen M. Walt) پێیوایە کە چەمکی ئاسایش بریتییە لە: "توێژینەوە لە هەرەشەکان، بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی، بەتایبەت ئەو سیاسەتە تایبەتانەی کە دەوڵەتان دەیگرنە بەر بە مەبەستی، ئامادەسازی و رێگگرتن و بەشداربوون لە جەنگ"( Walt, 1991: 212).
- ئەم روانگە نەریتی یاخود کلاسیکییە کە زیاتر ریالیستی و لەسەر بنەمای سەربازی و مەترسی دەرەکی دارێژرابوو لە دەیەی ١٩٦٠ گۆرِانی بەسەرداهات. لێرە بەدواوە چەمکی ئاسایش بەرفراوانتر بوو و تەنها لە بواری سەربازی پێناسە نەکرا. بۆ نموونە "رۆبێرت مەکنامارا(Robert McNamara) وا پێناسەی ئاسایشی کرد و وتی: "ئاسایشی بریتییە لە گەشەسەندن و بەبێ گەشەسەندن هیچ ئاسایشیک بوونی نییە... گەشەسەندن بە مانای پێشکەوتن وپەرەسەندنی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە( See: McNamara, 1968, 149).

ناونیشانی وانه:

# پرسه ئاسایشییەکان

- ١- پرسیارە جەوهەرییەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش
- ٢-ئاسایشی کێ ؟
- ٣- ئاسایش بۆکێ؟
- ٤- چۆن ئاسایش دەستەبەردەکرێت؟

ناونیشانی وانە:

# پرسە ئاسایشییەکان

باری بۆزان و لێن هانس (٢٠٠٩: ١٠-١٣) پێیان وایە هەر لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا و نائاشکرا گوتوبێژەکانی نێو لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە دەوری چوار پرسیاری سەرەکی کۆبووونەوە.

پرسیاری یەکەم، ئاسایشی کێ دەبێت پارێزراو بێت و خوێندنەوەی بۆ بکرێت؟

پرسیاری دووەم، ئاخۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش دەبێت هەڕەشە ناوەخۆییەکان یا هەڕەشە دەرەکییەکان لە خۆبگرێت؟

پرسیاری سێیەم، ئاخۆ دەبێت لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە سەرووی سێکتەری ئاسایش و بەکارهێنانی هێز بخوێندرێت؟

پرسیاری چوارەم، ئاخۆ ئاسایش دەبێت ببەسترێتەوە بە هەڕەشە بزۆزییەکان (dynamic threats)، مەترسی و حاڵەتە لە ناکاوییەکان؟

## ناونیشانی وانە:

# پرسە ئاسایشییەکان

**ئاسایشی کێ ؟ ئاسایش بۆ کێ؟**

**بۆ ماوەیەکی زۆر، باوەڕی باو لە لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشدا ئەوە بوو کە 'ئاسایشی دەوڵەت' دەبێت تاکە یەکەی شیکردنەوەی ئاسایش بێت. لە دوای جەنگی ساردیش بە تایبەت لای شارەزاکانی زانکۆی ئەبەریستویز وەکو کین بۆتس و بیل ماکسوێنی، گفتوگۆی ئەوە لە ئارادابوو کە بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش دەبێت 'مرۆڤەکان' بن، بە بێ گەڕانەوە بۆ مرۆڤەکان ئاسایش هیچ مانایەکی نابێت. کارەکانی ئەوان بووە هۆی هێنانی چەمکی (ئاسایشی مرۆیی) وەکو بابەتی بەرهەڕەشەیەکی نوێی ئاسایش، بۆ نێو ئەدەبیاتی ئاسایش.**

**گرووپێکی دیکە لەر شارەزاکان بە هۆی سەرهەڵدانی بەجیهانیبوون و کاریگەرییەکانی لەسەر کەمکردنەوەی رۆڵی دەوڵەت-نەتەوە، پێیان وابوو دەبێت هۆشگیری ئاسایش لەسەر 'کۆمەڵگای جیهانی' بێت.**

ناونیشانی وانە:

# پرسە ئاسایشییەکان

**ئاسایشی کێ ؟ ئاسایش بۆ کێ؟**

- لە دوای ئەوانە، کۆمەڵێک لە شارەزاکان پێیان وابوو دەبێت هۆشگیری (focus) ئاسایش نە دەوڵەت نە خەڵک بێتو بەڵکوو دەبێت لەسەر 'کۆمەڵگا' بێت. چونکە بۆ ئەوەی بە تەواوی ببیت بە 'مرۆڤ' دەبێت ببیت بە بەشێک لە گرووپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو.
- ڕێبازی چوارم کە ئەویش لە دوای جەنگی ساردەوە سەریهەڵدا (لەوانە کارەکانی باری بۆزان) بۆ کارکردن لەسەر ئاستەکانی شیکردنەوەی ئاسایش. لە لای بۆزان دیاریکردنی دەوڵەت یا تاک وەکو بابەتی بەرهەڕەشەی ئاسایش وەڵامی پرسیارە جەوهەرییەکە ناداتەوە، چونکە زیاتر لە دەوڵەتێک و تاکێک بوونیان هەیە، کە ئاسایشیان لەسەر یەکدی وەستاوە یا بە یەکەوە گرێدراوە (بۆزان، ١٩٩١b: ٤٠).

## ناونیشانی وانە:

# پرسە ئاسایشییەکان

### چۆن ئاسایش دەستەبەر دەکرێت؟

ریتشارد ئۆلمان (١٩٨٣) زۆر بەووردی کاری لەسەر روونکردنەوەی زیاتر لە سیاسەتێک دەکرد بۆ بە دواداچوونی ئامانجەکانی ئاسایش (security objectives). دیاریکردنی رێگاکانی پاراستنی ئاسایش دەوەستێتە سەر تێڕوانینی یەکێک بۆ چۆنیەتی سروشتی ئاسایش. بۆ نموونە، چونکە ستیڤان واڵت (١٩٩١: ٢١٢-٢١٣) پێیوایە سروشتی ئاسایش بریتییە لە 'هەڕەشە، بەکارهێنان و کۆنترۆڵکردنی هێزی سەربازی'، لەبەر ئەوە بۆ ئەو ئاسایش تەنها لە رێگای هێزی سەربازییەوە دەکرێ بپارێزرێت، یا هەڕەشە سەربازییەکان گەورەترن لە هەڕەشەکانی دیکە.

مێلڤین لیفەر (١٩٩٠: ١٤٥) پێیوایە بێ گوێدانە سەر ئەوەی چەند گران لەسەر دەوڵەتێک دەوەستێت، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەر دەبێت بپارێزرێن. بە مانایەکی دیکە ئامانجەکانی ئاسایش ئامرازەکانی ئاسایش دیاری دەکەن

ناونیشانی وانە:

# پرسە ئاسایشییەکان

## چۆن ئاسایش دەستەبەر دەکرێت؟

بابەتێکی دیکەی گرنگ لە پرسی بەدەستهێنانی ئاسایش پەیوەندیی بە بەرنامەی مەودا درێژو مەودا کوورت هەیە. لە مەودا کوورتدا، رەنگە هێزی سەربازی تاکە رێگەی کارا و کاریگەر بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات لە دەست هەڕەشە دەرەکییەکان، بەڵام لە مەودا درێژدا باشترین رێگا بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات بوون بە هاوڕێیانە، یا دروستکردنی ژینگەیەکی نادوژمنکاریانەیە (باڵدوین، ١٩٩٧: ١٧)، بە تایبەت کاتێک دەوامەدان و بەردەوامی ئەو دژایەتییە زۆر گران لەسەر وڵاتێک دەوەستێت. بۆیە ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتیمانی سەرکەوتوو ئەو ستراتیژیەتەیە کە دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان ئەو دوو سیاسەتە جیاوازە رابگرێت و نەهێڵێت بە رووی یەکدی بوەستنەوە.

ناونیشانی وانه:

# ئاسایشی نەتەوەیی وچەمکە پەیوەندیدارەکان

- ١- بەرژەوەندی نەتەوەیی وئاسایشی نەتەوەیی
- ٢- هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی
- ٣- ستراتیژی وئاسایشی نەتەوەیی
- ٣- هێزوئاسایشی نەتەوەیی

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

- ١- **بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی**

- چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەکەوێتە خوارووتر لە چەمکی بەرژەوەندی نەتەوەیی. بەم پێیە ئاسایشی نەتەوەیی بریتییە لە بەشێك لە بەرژەوەندی نەتەوەیی کە ئەوەش بریتییە لە کۆمەڵە هەلومەرج و بارودۆخ و توانایيەك کە دەستەبەرکردنی پێداویستییە بنچینەیی و بنەڕەتییەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کەلتووری گەرەنتی بکات. ئەم هەلومەرجەش لە ژێر کاریگەریی بارودۆخی جیۆپۆلێتیك و پێکهاتەی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری و مێژووییدایە، بەتايبەت پێگەی ئەو دەوڵەتە لەسەرئاستی نێودەوڵەتی.

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی وچەمکە پەیوەندیدارەکان

- ١- **بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی**

- بەرژەوەندییەکان بە شێوەیەکی گشتی بەسەرسێ چەشن پۆلین دەکرێن(افتخاری، 2003: 368):
- 1- بەرژەوەندییە ژیانییەکان: بەرگری لە دەوڵەت لەهەمبەرهەڕەشەی دەرەکی کە ئامرازی لەشکری بەکاردێت.
- 2- بەرژەوەندییە گرنگەکان: کە گەشەپێدانی ئابووری و..هتد، دەگرێتەوە.
- 3- بەرژەوەندییە مرۆییەکان: کە پەرەپێدانی بەها و نۆرمەکان دەگرێتەوە.

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

- ١- **بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاسایشی نەتەوەیی**

- **بەرژەوەندی نەتەوەیی لە پاراستن و مانەوە و بوونی دەوڵەتی نەتەوە(Nation-State) دەستپێدەکات تاوەکو دەگاتە دەستەبەرکردنی پێگە و دەسەڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیدا. نێوان ئەو دوو ئاستەشدا پاراستنی ناسنامە، بەها نەتەوەییەکان و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هاوڵایان و بەرزکردنەوەی توانای لەشکری و پاراستنی ئاسایشی مادی و مۆراڵیی دەبینرێت.**

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی وچەمکە پەیوەندیدارەکان

- **٢- هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

- **کاتێك کە سنوور و هەرێم و خاکی دەوڵەتێك دەکەوێتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە، ڕەهەندی لەشکری و نەریتیی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی پەیدا دەکات. بەڵام کاتێك کە هەڕەشەکان پەیوەندیان بە ڕووخاندن و گۆڕینی سیستەمی سیاسی لەلایەن ئەو گروپ و ناسنامانەوە بەرز دەبێتەوە کە سەروەریی دەسەڵاتی حکومەت یاخود یەکپارچەیی دەوڵەت بە فەرمی و ڕەوا ناناسن، ئەوە ڕەهەندە بەرفراونەکەی ئاسایشی نەتەوەیی بەکار دێت. بە واتایەکی دیکە، هەڕەشەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەموو ئەو بوار و پرس و بابەتانە دەگرێتەوە، کە ژیان، بەها و بەردەوامی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی وئاشتی و سەقامگیری و..هتد، دەخەنە مەترسییەوە.**

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

- **٣- ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی**

**لە ڕوانگەی نەریتی ئایدیای ستراتیژی بریتی بوو لە بەکارهێنان و تەرخانکردنی ئامرازە لەشکرییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی لەشکری، بەم پێیەش ئاسایشی نەتەوەیی لەنێو ئامانجە سیاسییەکاندا ئەولەوییەتی هەبوو.**

**لەم ڕوانگەیەوە پێگەی ئاسایشی نەتەوەیی دەبێت سەرووتر لە سیاسەت و ستراتیژی بێت، بەڵام بەردەوام ئاسایشی نەتەوەیی دەهێندرێتە ئاستی ستراتیژیی لەشکری بە هۆی ئەولەوییەتی هەڕەشە دەرەکییەکان.**

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

- **٣- ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی**

**کەسانێك وەکو "ستڤان والت(Stephan Walt)" و "ریچارد بیتس"(Richard Betts) لایەنگری ئەو ڕوانگەیەن کە جیاوازی لە نێوان ستراتیژی و ئاسایشدا نییە، چونکە ئەگەر جیاش بکرێنەوە ئەوە دیسانەوە سیاسەتی ئاسایشی پێویستی بە گرنگیپێدان بە جەنگ و ستراتیژییە، هێزی لەشکریش تاوەکو ئێستاکە گرنگترین بەش و ڕەهەندی ئاسایشی نەتەوەییە. هەروەها بەرفراوانکردنی ئەم چەمکە لە بورای لەشکرییەوە بۆ بوارەکانی دیکە کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان هەیە.**

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی وچەمکە پەیوەندیدارەکان

- ٣- ستراتیژی و ئاسایشی نەتەوەیی

- "باری بۆزان"، بە جیاکردنەوەی خوێندنەوەی ئاسایشی لە خوێندنەوەی ستراتیژی توانی ڕوانگەیەکی نوێ بۆ ستراتیژی بکاتەوە. ئەمەش بریتی بوو لە پەیوەندی نێوان ئامانجە سیاسییەکان لەگەڵ ئامرازە سیاسییەکان، لە ژێر کاریگەری ئەم ڕوانگەیەدا "لیدل هارت"(Liddell Hart) پێیوایە کە ستراتیژی بریتییە لە هونەری دابەشکردن و بەکارهێنانی هێزی لەشکری بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی سیاسی.

## ناونيشانی وانه:

# ئاسايشی نەتەوەيی و چەمكە پەيوەنديدارەكان

- **٣- ستراتيژی و ئاسايشی نەتەوەيی**

- **جياوازی ستراتيژی و ئاسايشی نەتەوەيی ئەوەيە كە ئاسايش بە دوای وڵامی ئەوپرسەيە كە ئاسايشی چ كەسێك ياخود چ شتێك  ولەهەمبەرچ كەس و چ شتێك دەبێت بپارێزرێت؟ لەم كاتەدا ستراتيژی پرسيارەكەی ئەوەيە كە بە چ شێوەيەك پێويستە ئاسايشی ئەو كەسە ياخود ئەو شتە دەستەبەربكرێت.**
- **بۆيە دەتوانين بڵێين كە جياوازی ئاسايشی نەتەوەيی لە چەمكی ستراتيژيی ئەوەيە كە ستراتيژی بەرنامەيەكی بەرفراوانە كە بە مەبەستی بەكارهێنانی سەرچاوەكانی هێز بۆ ئامانجە باڵاكانی ئەكتەرەكان لە خولێكی زەمەنی دياريكراودا دادەندرێت.**

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

- ٤- هێزو ئاسایشی نەتەوەیی

- پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕێگەی لەشکرییەوە دەرئەنجامی تێگەیشتنی ڕیالیستییە. بەم واتایە کە ئەو وڵاتانەی کە لێکدانەوەی ڕیالیستی لە ئاسایشی نەتەوەیی دەکەن، تیۆری خۆیان لەسەر گریمانەی لەئارادابوونی پشێوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و نەبوونی دەسەڵاتێکی سەروو نەتەوەیی داناوە. هەروەها پەیوەندی چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی بە چەمکەکانی جەنگ و ئاشتی لە درێژەی هەمان تێگەیشتنی ڕیالیستییە و جیاوازە لەگەڵ ڕوانگەی ئایدیالیستەکان.

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی و چەمکە پەیوەندیدارەکان

- ٤- هێزو ئاسایشی نەتەوەیی

- دەکرێت بڵێین پەیوەندی نێوان هێزی سیاسی و ئاسایشی نەتەوەیی لەو بابەتە گرنگانەیە کە پەیوەستە بە سەرچاوەی ئاسایش(Referent Object for Security)،

- لەم ڕوانگەیەوە دامەزراوەی فەرمی بەکارهێنانی هێزی ڕەوا(دەوڵەت) وەکو سەرچاوەی ئاسایش دەناسرێت، کە ڕیالیستەکان بەهۆی پێگەی هێزی سیاسی دەوڵەت لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئاسایش، جەخت لەسەر گرنگی پاراستنی حکومەت و سیستەمی سیاسی لە هەرجۆرە هەڕەشە و مەترسییەك دەکەنەوە.

# ناونیشانی وانه:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تیۆرییە کلاسیکییەکان

## پۆزێتیڤیزم وئاسایشی نەتەوەیی

ئەم ڕوانگەیە بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی زایینی و بیروڕاکانی کۆمەڵناسانێك وەکو "ئۆگۆست کۆنت 1798-1857"(Auguste Comte) و "سان سیمۆن 1760-1825"(Saint Simon) دەگەڕێتەوە کە قوتابخانەی ئەزموونگەراییان(Empirical or praxeology) بەناوی "پۆزێتیڤیزم"(positivism) دامەزراند و بنەمای کاری خۆیان لەسەر پێدراوە ڕاستەوخۆکانی هەستەکانی مرۆڤ دانا.

پۆزێتیڤیستەکان بڕوایان وایە کە بیروبڕوا یاخود حەقیقەتە ئاڵۆزەکان لەبارەی جیهان لە ئاوێتەکردنی بیروڕا ساکارەکان بەدەست دێت، بەڵام لە کۆتاییدا هەموو ئایدیا ئاڵۆزەکان دەتواندرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ ئەزموونە هەستەکییەکان.

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی تیۆرییە کلاسیکییەکان

### پۆزێتیڤیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم ڕوانگەیە بەرگری لە تێگەیشتنی عەینی(objective understanding) لە بواری مەعریفەناسیدا(Epistemology) دەکات.

بەم واتایە کە زانست و مەعریفەناسی سەربەخۆ لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بوونیان هەیە.

پۆزەتیڤیزم بزاڤێکی فەلسەفی و پرۆژەیەکی رۆشنگەرییە بۆ خوێندنی دیاردە و روداوە کۆمەڵایەتییەکان بە رێگایەکی زانستی .

لەلای پۆزێتیڤیستەکان سەرچاوەی ئاسایش دەوڵەت و نەتەوەیە، هەروەها هەڕەشەی ئاسایشی لەلای پۆزێتیڤیستەکان ڕەهەندی نەرێنی هەیە، بەمانای نەبوونی هەڕەشەیە. هەروەها چۆنییەتی دەستەبەرکردن و پاراستنی ئاسایش پێویستی بە دامەزراندن، پارێزگاری و بەردەوامی دەوڵەتی نەتەوەیە.

## ناونيشانی وانه:

# ئاسايشی نەتەوەيی لە ڕوانگەی تيۆرييە كلاسيكييەكان

### پۆزێتيڤيزم وئاسايشی نەتەوەيی

پۆزەتيڤيزم جيادەكرێتەوە بە پشتبەستن بە ميتۆدە زانستيەكان وەكو تاكە سەرچاوەی مەعريفەت، هەروەها جياكردنەوەيەكی گەورە لە نێوان فاكت و بەهادا. لەم روانگەيەدا، لێكۆڵينەوەكانی ئاسايش بەشێوەيەک دەخوێندرێت كە بە دوورە لە كاريگەری بەهاوە (value-free)، وە سەربەخۆيە لە ئايديا، نۆرم و بەهاكان.

شتێک تەنها كاتێک مانا وەردەگرێت ئەگەر هاتوو تواندرا لە روی زانستيەوە بسەلمێندرێت دروست يا هەڵەيە.

هەر شتێک لە دەرەوەی ئەزمونی مرۆڤەوە بێت دەچێتە دەرەوەی چوارچێوەی كاری توێژينەوەی پۆزەتيڤستی. بۆ نموونە، سيۆلۆجی، ئاكار، متيافيزيک و ئايين جێگەی بايەخی توێژينەوەی پۆزەتيڤيستی نين ئەويش لەسەر بنەمای جێبەجێنەبوونی ياسا ئەزموونگەرانەييەكان بەسەرياندا.

## ناونیشانی وانه:

# ریالیزم

- ١- ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی
- ٢- نیۆریالیزم(ریالیزمی پێکهاتەیی) و ئاسایشی نەتەوەیی

# ناونیشانی وانە:

# ڕیالیزم

- **ڕیالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

**ڕیالیزمی کلاسیک بەشێوەیەکی گشتی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی کتێبی *قەیرانی بیست ساڵەکەی* ئیدوار هاڵێت کاڕ لە ساڵی ١٩٣٩دا، وەکو تیۆرێکی نویٚ بۆ وەڵامدانەوەی ڕێبازەکانی لیبراڵیزم لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لە نێو بابەتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان سەریهەڵدا. هەروەها کارەکانی جۆرج کینان و فرێدریک شومان و هانس مۆرگنتاو و کۆمەڵێکی دیکە بوونە هۆی تۆکمەکردنی تیۆری ڕیالیزم لەو سەردەمەدا. لە دوای ئیدوار کاڕ، کتێبی *سیاسەت لە نێوان نەتەوەکانی* هانس مۆرگنتاو بە یەکجاری ڕیالیزمی وەکو تیۆرێک و پارادیمێکی باوی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ناساند.**

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- **ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

- له روانگەی ڕیالیزمی کلاسیکدا، لەبەر سروشتی خۆویست و شەڕانگێزی مرۆڤ، وڵاتەکان بەردەوام لە هەوڵی ململانێی بەدەستهێنانی هێزدان. سروشتی خۆویست و شەڕانگێزانەی مرۆڤ تەواوی شیکردنەوەکانی ریالیزمی کلاسیکی لە بابەتەکانی ئاسایش، هێز، جەنگ و بەرژەوەندی داگیرکردووە.
- ئەکتەری سەرەکی جیهانی سیاسەت لای ریالیستەکان دەوڵەتە. لە دوا بەدوای رێککەوتننامەی (ڤیستیبڤاڵیا)وە لە ١٦٤٨ دەوڵەت وەکو بەهێزترین ئەکتەری سیستەمی نێونەتەوەییەوە دەبینرا.

# ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

## ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- بابەتی بەرهەڕەشەی سەرەکی ئاسایش، ئاسایشی دەوڵەتە.
- باشترین جێگرەوەی ململانێی هێز 'هاوسەنگی هێزە'
- کارلێکەکانی نێوان وڵاتەکان لە سیستەمی نێونەتەوییدا وەکو سیاسەتی هێز (power politics) و ململانێ لەپێناو هێز پێناسە دەکرێت. مەبەست لە هێزیش، لە روانگەی ریالیستەکانەوە، هێزی ماددییە.
- روانینی رەشبینانەی ریالیستەکان لەسەر سروشتی مرۆڤ، ریالیستەکانی گەیاندە ئەو دەرەنجامەی وڵاتەکان لە دۆخێکدا بن ناتوانن متمانە بەیەکدی بکەن و ئامانجی باڵای هەموو وڵاتێکیش بریتی دەبێت لە 'مانەوە' (survival)، کە تەنها بە بەهێزکردنی لایەنی هێزو سەربازییەوە دەستەبەر دەبێت.

# ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

## ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- هانس مۆرگنتاو (١٩٤٨) باس لە دەوڵەتداری دەکات و ئاماژە بەوە دەدات پیادەی سیاسەت دەبێت هاوڕێ بێت لەگەڵ شەش بنەمای سیاسی ریالیزم. ئەوانیش بریتین لە:
- سیاسەت لەلایەن کۆمەڵێک ڕێسای بابەتەکییەوە بەرێوەدەچێت کە لە سروشتی مرۆڤەوە سەرچاوەیان گرتووە.
- خاڵی سەرەکی تێگەیشتن لە سیاسەتی نێونەتەوەیی بریتییە لە چەمکی بەرژەوەندی کە پێناسە دەکرێت لە میانەی هێزەوە.
- سروشت و شێوازی دەسەڵات و هێزی وڵات بەپێی کات، شوێن و بەستێن دەگۆڕێت، بەڵام چەمکی بەرژەوەندی بە بەردەوامی و نەگۆڕی دەمێنێتەوە.
- پرەنسیپە مۆڕاڵییە گەردوونییەکان رەفتاری ولاتەکان دیاری ناکەن، وە ئەمەش نابێتە هۆی نکۆڵی کردن لە گرینگیی ئاگایی لە رۆڵی مۆڕاڵ لە هەر کردارێکی سیاسیدا.
- خواستە مۆڕاڵییەکان تایبەتمەندن بۆ چەند کردارێکی دیاریکراو، بەڵام هیچ ستاندارێکی گەردوونی لەسەر پرەنسیپە مۆڕاڵییەکان بوونی نییە.
- مەجالی سیاسی سەربەخۆییە؛ مانای ئەوە دەگەیەنێت پرسیاری سەرەکی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا بریتییە لەوەی چۆن سیاسەت کاریگەری لەسەر هێزی نەتەوەیەک دەکات؟

## ناونیشانی وانە:

# ڕیالیزم

- **ڕیالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

**باشترین ڕێگا بۆ پاراستی ئەو بەرژەوەندییە نەتەوەییە لە جیهانێکدا کە هەموو وڵاتەکان خەریکی پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانن، لە ڕێگای بەهێزکردنی هێزی سەربازی و ئابووریی وڵاتەوە دێتە دی.**

**، لە ڕوانگەی ڕیالیستەکان، دەکرێت لە ڕێگای باوەڕبوون و کارکردن بە '*هاوسەنگی هێز*' کەمبکرێتەوە. لە سیستەمی نێونەتەوەیی ئەنارکیدا، هاوسەنگی هێز دەبێتە هۆی دابینکردنی جۆرێک لە سەقامگیری لە ڕێگای هەبوونی بەرژەوەندی دوولایەنەکان لە نێوان زلهێزەکانی سیستەمی نێونەتەوەییەوە، کە پاڵیان پێوە دەنێت پێکەوە کاربکەن و دەست بە هەل ومەرجەکانی دۆخی هەنووکەییەوە بگرن. ڕیالیسەکان لە نێوان خۆیاندا بۆچوونی جیاوازیان هەیە. زۆرجار ئەو جیاوازیانە بە جیاوازی نێوان ڕیالیزمی کلاسیک و نیوریالیزم یا لە نێوان ڕیالیزمی بەرگریکردن و ڕیالیزمی هێرشکردن دادەنرێت.**

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- **ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

- **نیۆریالیزم(ریالیزمی پێکهاتەیی-بونیادی-ساختاری) و ئاسایشی نەتەوەیی**
- **لە دوای ساڵی ١٩٧٠ەوە، بیرکردنەوە و بۆچوونی نوێ لە نێو تیۆری ریالیزمدا سەریهەڵدا، کە وەکو پیداچوونەیەک و رەخنەیەک بوو لە ریالیزمی کلاسیک. زۆرجار ئەو شەپۆڵە نوێیە بە 'نیوریالیزم' یا 'ریالیزمی ساختاری' دەناسرێن. دیارترین سکۆلارو زانای ئەو قۆناغە کینز واڵتز بوو، لە کتێبی *تیۆری سیاسەتی نێونەتەوەیی* لە ساڵی ١٩٧٩ ڤێرژنێکی نوێی ریالیزمی لە خوێندنی ئاسایش و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا هێنایە ئاراوە. لای واڵتز، ساختاری سیستەمی نێونەتەوەیی (نەوەک سروشتی مرۆڤ کە ریالیستە کلاسیکییەکان باوەڕیان وایە) رەفتاری وڵاتەکان لە سیستەمی نێونەتەوەییدا دیاری دەکات، وە خەسڵەتی سەرەکی ئەو سیستەمەش بریتییە لە *ئەنارکی*. وڵاتانیش لەو سیستەمەدا بەردەوام خۆیان لە ململانێ و رکابەرییەکی ئاسایشی بێ کۆتایی دەبیننەوە (واڵتز، ١٩٧٩).**

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- **ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

نیۆریالیستەکان باوەڕیان وایە بەرێژەیەکی زۆر ڕەفتاری وڵاتەکان بە ساختاری ماددی سیستەمی نێونەتەوەییەوە گرێدراوە. جیاوازی و دابەشبوونی توانا مادییەکان لە نێوان وڵاتەکان خاڵی سەرەکییە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی سیاسەت.

پرسیاری سەرەکی لە لای نیوریالیستەکان بریتییە لەوەی چۆن وڵاتەکان دەتوانن ئاسایشی خۆیان بپارێزن لە نێو خودی ژینگەیەکی ئەنارکی، وە لە نائامادەیی هیچ دەسەڵاتێکی سێنتراڵ و باڵا. لەم هەل و مەرجەدا دەوڵەت دەبێت توانای پاراستنی ئاسایشی خۆی هەبێت لە دەست هێرش و هەڕەشە دەرەکییەکان. لەبەرئەوە وڵاتەکان بەهای زۆر بە 'هێز' دەدەن لەپاڵ بنەماکانی دیکەی وڵات وەکو 'یەکپارچەیی خاکی وڵات' و 'سەروەری'. لە پاڵ ئەمەشدا توانا ئابوورییەکان سەرچاوەیەکی هێزی زۆر بە دەوڵەت دەبەخشن لە بنیاتنانی توانا سەربازییەکان، وە دەرخستنی توانای وڵاتەکان بۆ چوونە نێو جەنگێکی درێژخایەن ئەگەر پێویست بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی وڵات.

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- **ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

**کینز والتز (١٩٧٩) پێیوایە وڵاتەکان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دوو بژاردەیان لەبەردەمدا دەبێت:**

**(١) لە ڕێگای هاوسەنگی دەرەوە، بەمەبەستی گرێدانی هاوپەیمانیەتی و سوود وەرگرتن لە توانا سەربازی و مادییەکانی وڵاتەکانی دیکەوە.**

**(٢) لە ڕێگای هاوسەنگی ناوەخۆ، ئەویش لە ڕێگای زیادکردنی توانا سەربازی و ئابوورییەکانی ناوەخۆی وڵات.**

**لەبەر ئەوە هێز لە ڕوانگەی نیوریالیزم ئامرازە، نەوەک ئامانج، ئامرازە بۆ پاراستنی ئاسایش (گلاسێر، ٢٠١٣: ١٩). ئەمەش یەکێکە لەو خاڵانەی کە نیوریالیزم لە ریالیزمی کلاسیک جیادەکاتەوە.**

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- لە روانگەی جۆن مێرشایمەردا (٢٠٠١: ٣٠-٣٢)، بنەما سەرەکییەکانی نیوریالیزم بریتین لە:
- سیستەمی نێونەتەوەیی سیستەمێکی ئەنارکییە. ئەو ئەنارکییە بە مانای بێ سەرووبەری ناهێت، بەڵکوو بە مانای نەبوونی هیچ دەسەڵاتێکی سێنترال و باڵا بۆ رێکخستنی پەیوەندی نێوان وڵاتەکان لەو سیستەمەدا.
- ئەو وڵاتانەی سەروەری خۆیان دەپارێزن هەوڵی بەرەوپێشبردنی توانا سەربازییەکانی هێرشکردن دەدەن بۆ بەرگریکردن لە ئاسایشی خۆیان.
- نادڵنیایی لە جیهانی سیاسەتدا بووەتە هۆی نەبوونی متمانە لە نێوان وڵاتەکان. وڵاتەکان هەرگیز لە نیەتی یەکدی دڵنیا نین، لەبەرئەوە بەردەوام دەبێ ئامادە بن بۆ هەموو ئەگەرێک.
- وڵاتەکان دەیانەوێ سەربەخۆیی و سەروەری خۆیان بپارێزن. لە ئاکامی ئەوەدا، مانەوە تاکە داینامیکی رەفتاری وڵاتەکان دەبێت.
- هەرچەند وڵاتەکان عاقڵمەند و راشناڵیستن، بەڵام زۆرجار شوێنێک بۆ هەڵەلێکدانەوە هەیە. لە جیهانێکدا کە هیچ کەس زانیاری تەواوی لا نییە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرجار بڕیارو کارەکانی وڵاتان بەڕاستی لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیاندا یەکنەگرێتەوە (مێرشایمەر، ٢٠٠١: ٣٠-٣٢).

# ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- **ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

- **ریالیزمی هێرشبەرانە و ریالیزمی بەرگریکارانە**
- **گوتوبێژێکی دیکە لە نێوان نەرێتەکانی ریالیزم، کە دەچێتە نێو چوارچێوەی نیوریالیزمەوە، گوتوبێژی نێوان ریالیزمی بەرگریکردن ( defensive realism) و ریالیزمی هێرشکردنە (offensive realism). قسەکردن لەسەر 'مانەوە' یا 'کۆنترۆڵکردن'، پاراستنی 'دۆخی هەنووکەیی' یا 'گۆڕان' و 'دەستپێشخەری'، لە سەرەکیترین گوتوبێژەکانی نێوان ریالیزمی بەرگریکردن و ریالیزمی هێرشکردنە.**

# ناونیشانی وانە:

# ڕیالیزم

## ڕیالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- سێ خاڵی جیاواز لە نێوان ڕیالیزمی بەرگریکردن لەگەڵ نیوریالیزمدا هەیە:.
- (١) نیوریالیزم پشت بە ماکرۆفاوەندەیشنی (macrofoundations) جۆراوجۆر لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری دەوڵەتدا دەبەستێت، ڕیالیزمی بەرگریکردن پشت بە تیۆری عەقلانیەت دەبەستێت.
- (٢) ڕیالیزمی بەرگریکردن هاوسەنگی بەرگری-هێرش زیاد دەکات وەکو فاکتەر و وابەستەیەک، باس لە کاریگەری تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و هەل و مەرجە جیۆپۆلێتیکییەکان دەکات کە وڵاتەکان دەخاتە دۆخێکەوە زیاتر پەنا بۆ بەرگریکردن لە خۆیان ببەن، نەوەک هێرشکردن.
- (٣) تێکەڵکردنی هاوکێشەی هێرش-بەرگری لەگەڵ تیۆری عەقلانیەت بە لای بەرگریکردندا دەشکێتەوە.

## ناونیشانی وانە:

# ڕیالیزم

- ڕیالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- سێ خاڵی جیاواز لە نێوان ڕیالیزمی بەرگریکردن لەگەڵ نیوریالیزمدا هەیە:.
- ستیڤان واڵت (٢٠٠٠، ٢٠٠-٢٠١)، یەکێکە لە دیارترین ڕیالیستە بەرگریکارەکان پێیوایە لە دۆخی ئەنارکیدا، وڵاتەکان هەوڵی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی دەدەن لەو کاتەی هاوسەنگی هێز دەبێتە هۆی مسۆگەرکردنی سەقامگیری، وڵاتەکان کار لەسەر پاراستنی هاوسەنگی هێز دەکەن، نەوەک بەدەستهێنانی هێزێکی بێ کۆتایی. لە جیهانی هاوسەنگی هێزدا، سیاسەتێک کە خۆگری و نەرم و نیانی لەخۆگرتبێت باشترینە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لە سیستەمی نێونەتەوەییدا.

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- **ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی**

- **ریالیزمی هێرشکردن نارازین لەگەڵ گریمانەکانی ریالیزمی بەرگریکردن سەبارەت بە هەوڵی بەدەستهێنانی رێژەیەکی دیاریکراو و سنوورداری هێز لە لایەن وڵاتەکانەوە. ریالیزمی هێرشکردن پێیوایە خەسڵەتەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی وڵاتانی ناچار کردووە بەشێوەیەکی توندوتیژانە رەفتار بکەن، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی رووبەڕووی دۆخی نادڵنیایی دەبنەوە، ناچار دەبن هەموو هێزێکیان لە دژی یەکدی بەکاربهێنن. بەمشێوەیە وڵاتان بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆیان دەبێت هەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین هێز بدەن، کە دەکرێت بەدەست بهێندرێت .**

- **ریالیزمی هێرشکردن پێیوایە وڵاتان رووبەڕووی نادڵنیاییەکی رەها لە مەبەست و نیەتی وڵاتەکانی دیکە دەبنەوە. لەبەر ئەوە وڵاتەکان بەردەوام دەربارەی هەنگاوی دواتری وڵاتەکانی دیکە دەبێت پێشبینی خراپترین سیناریۆ بکەن.**

## ناونیشانی وانە:

# ریالیزم

- ریالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- راستە هێز ئامرازە، ئامانج نییە، بەڵام زیادکردنی هێز باشترین رێگایە بۆ مانەوە و ئاسایشی ولات. هەروەها ریالیزمی هێرشکردن گومانی لە کارایی رێککەوتننامەکان و هاوپەیمانیەتییەکانی هاوسەنگی هێز هەیە، لەبەر ئەوەی زیادکردنی هێز بە باشتر لە رێککەوتنێک یا هاوپەیمانیەتییەک لەسەر راگرتنی هاوسەنگی هێز دەزانن .

# ناونیشانی وانە:
# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

# ناونیشانی وانه:
# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

**لەڕاستیدا، چەمک و گریمانە باوەکانی لیبڕالیزم جۆراوجۆرن، لێرەدا هەوڵدراوە کۆمەڵێک چەمکی گرینگ لە پەیوەندی بە ئاسایشی جیهانی ڕوون بکرێتەوە، وەکو بازرگانی ئازاد، تیۆری ئاشتی دیموکراسیانە، ئاشتی جیهانی، بەجیهانیبوون، دامەزراوە نێونەتەوەییەکان، نۆڕمە جیهانییەکان و پشتبەیەکبەستن و هەماهەنگی ئابووریی.**

**هەردووکیان، لیبڕاڵەکان و ریالیستەکان ماتریالیست و ڕاشناڵیستن، لەسەر وێنەی کێبڕکێی جیهانی سیاسەت کۆکن کە جیهانێکە تیایدا کێبڕکێ لەسەر پاراستنی بەرژەوەندییە مادییەکان هەل و مەرجێکی حەتمی و نەگۆڕە، بەڵام خاڵی گەورەی جیاوازی لەوەدایە کە لیبڕاڵەکان پێیانوایە 'ململانێ' لە نێو سیستەمی نێونەتەوەییدا دەکرێت چارەسەر بکرێت، وە لە ڕێگای ئینسیجام و هارمۆنییەوە بەڕێوەببردرێت، بە واتای ئەوەی دەکرێت جۆرێک لە ڕێکخستن لەسەر ئاستی سیستەمی نێودەوڵەتیدا بهێنتە کایەوە. ئەوە وای لە لیبڕاڵەکان کرد باوەڕ بە *نێونەتەوەییبوون* (internationalism) بکەن و ڕەخنە بگرن لە بیرکردنەوەی ڕیالیستەکان لە ڕەتکردنەوەی ڕۆڵی هەماهەنگی و پێکەوەگرێدان لە سیستەمی نێونەتەوەیی وەکو بنەمایەک بۆ پاراستنی ئاسایشی نیشتیمانی وڵاتەکان.**

# ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

بەهەمان شێوەی ریالیزم، لیبڕالیزم خاوەنی بنەمای هزری فەلسەفی خۆیەتی. سەرەتای نەرێتی لیبڕاڵیزم لەسەر ئاسایش دەکرێت بیگەڕێنینەوە بۆ کاری هزرمەندەکانی وەکو جۆن لۆک، ئادەم سمیس و ئیمانوێل کانت. وە *ئاشتی هەمیشەیی* کانت بە سەرەتای بیرکردنەوە لە پلانی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی دەدانرێت. لە سیاسەتی نێونەتەوەییدا لیبڕالیزم لە ساڵەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی بە هۆی کارەکانی سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وۆدرۆ وێلسن. کارەکانی وێلسن بووە هۆی سەقامگیرکردنی بەشێک لە بنەماکانی لیبڕالیزم لە جیهانی سیاسەت لە قۆناغی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا.

# ناونیشانی وانە:
# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لیبرڵەکان زۆر بەهێز هاتنە نێو جیهانی سیاسەتەوە. ئامانجی سەرەکی لیبراکان ڕێگەگرتن بوو لە جەنگەکانی داهاتوو، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی دیسیپلینی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان لەو ساڵانەدا. لای لیبراڵەکان، جەنگ دەرەنجامی سروشتی مرۆڤ نییە ( کە ڕیالیستەکان بانگەشەی بۆ دەکەن) بەڵکوو دەرەنجامی لێکتێنەگەیشتن و هەڵەلێکدانەوەیە.

# ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- لیبڕالەکان لەو ماوەیەدا بە سەر سێ گرووپی جیاوازدا دابەش ببوون.

- گروپی یەکەم، لایەنگرانی دامەزراوە نێونەتەوەییەکان بوون. دەرەنجامی هەوڵەکان و کارەکانی ئەو گرووپە دروستکردنی 'ڕێکخراوی کۆمەڵەی گەلان' بوو. دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی گەلان هیوای ڕێگە گرتنیان لە جەنگەکانی داهاتوو دەخواست بە ڕێکخستنی سیستەمی 'ئاسایشی کۆیەکی' collective security. لایەنگرانی ئەو گرووپە ڕایانگەیاند ئاشتی دابەش ناکرێت: هەڕەشەیەک لەسەر ئەندامانی کۆمەڵەکە وەکو هەڕەشەیەک بۆ سەر هەمووان سەیر دەکرێت. چونکە هیچ وڵاتێک بە هێزتر نییە لە یەکگرتنی هەموو وڵاتەکان، شەڕخوازەکان دەترسێندرێن و جەنگەکانیش دووردەخرێنەوە.

- گرووپی دووەم، داوای بەکارهێنانی ڕێکارە یاساییەکانیان دەکرد لە ڕێگەگرتن لە ململانێکان پێش ئەوەی ببێتە هۆی پێکدادانی چەکداری. یەکێک لە کارەکانی ئەو گرووپە، دامەزراندنی 'دادگای هەمیشەیی دادی نێونەتەوەیی' بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٢دا.

- گرووپی سێیەم، لایەنگرانی بیرۆکەی 'داماڵینی چەک' بوون. یەکێک لە کارەکانیان کۆنفرانسی کەشتیوانی لە واشینتۆن بوو لە ساڵی (١٩٢١) وەکو هەوڵێک بۆ کوورتکردنەوەی ئاستی کێبڕکێیەکانی دەریاوانی نێوان وڵاتانی ئەمریکا، بەریتانیا، ژاپۆن، فەرەنسا و ئیتاڵیا. ئامانجی سەرەکی ئەو گرووپە کەمکردنەوەی ململانێیە نێونەتەوەییەکان بوو لە ڕێگای سەرخستنی چەکداماڵینی نێونەتەوەییەوە

# ناونیشانی وانە:
# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی لیبڕالەکان، لیبڕالیزم شکستی هێنا لە ڕێگەگرتن لە بەرپابوونی جەنگێکی جیهانی دیکە. کۆمەڵەی گەلان شکستی خوارد لە ڕێگەگرتن لە داگیرکردنی مەنشوریا لەلایەن ژاپۆنەوە لە ساڵی ١٩٣١، هەروەها داگیرکاری ئیتاڵیا لە ئەسیوبیا لە ساڵی ١٩٣٥. لیبڕالیزم لە سییەکان و ماوەی جەنگی جیهانی دووەم و زۆربەی ماوەکانی جەنگی سارد پێگەی خۆی لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکان لە دەستدا، بەڵام بە کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، لیبڕالیزم چووە قۆناغێکی دیکەوە، ئەو قۆناغە بە سەردەمی بەجیهانیبوونی لیبڕالیزم لە جیهانی سیاسەتدا ناوزەد دەکرێت. زیادبوونی کاریگەرییەکانی بەجیهانیبون و هەروەها شەپۆلێکی نوێی بەدیموکراسیکردن democratization لە نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە، هەموو ئەوانە لیبڕالیزمیان بردە قۆناغێکی نوێی گرینگەوە.

# ناونیشانی وانە:
# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

لیبڕالیزم لە تیۆرەکانی دیکە جیادەکرێتەوە بە هۆی تێڕوانینە گەشبینییەکانی لەسەر ئاسۆ ئابووریی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتورییەکان، سیاسەتی نێونەتەوەیی و هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی نێوان ئەکتەرە نێونەتەوەییەکان و ئەگەری بەرقەراربوونی ئاشتی جیهانی. سیاسەتی نێونەتەوەیی بەردەوام گوزارشت نییە لە ململانێ و ناکۆکی، وەک ڕیالیستەکان پێیان وایە. بەڵکوو ئاسایش و ئاشتی جیهانی شتێکە دەکرێت بەدەست بهێندرێت. لە پاڵ دەوڵەتەکان، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، ڕژێمە نێونەتەوەییەکان، گرووپە فشارەکان، نوخبەکان و پارتە سیاسییەکان، تەنانەت تاکە بەهێزەکان ئەکتەرانێکی گرینگیی جیهانی سیاسەتن

# ناونیشانی وانه:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم وئاسایشی نەتەوەیی

لیبڕاڵەکان جەخت دەکەنە سەر پرەنسیپە ئاکاری و دامەزراوەییەکان لە جێگەی هەوڵدانێکی رووتی هێز و توانا سەربازییەکان. سیاسەت، لای لیبڕاڵەکان، لە ئاستی جیهانیدا زیاتر ململانێیەکە بۆ ئیجماع و دەستکەوتی دوولایەنە لە جێگەی ململانێ لە پێناو هێزو پرەستیج .

لیبڕالیزم باوەڕی بە عەقڵ، بەڵگەکاری و ئیمکانیەتی بەرەوپێشچوون (progress) هەیە. سەیری تاک دەکات وەکو ئامانج نەوەک ئامراز. لیبڕالەکان باوەڕیان بە کامڵبوونی ژیانی مرۆڤ هەیە. لە رێگای باوەڕیان بە هێزی عەقڵی مرۆیی و هەروەها توانای مرۆڤەکان لە بەرجەستەکردنی هەستە مومکینەکانی ناوەوەیان، لیبڕالەکان گریمانەی جیهانێکی ئاشتی و ئازاد و خۆشگوزەران دەکەن و ئایدیای دوورخستنەوەی ئەگەرەکانی بەرپابوونی جەنگ لای خۆیان تیۆریزە دەکەن

## ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

لیبڕالیزم لە ڕێگای جەخت کردن لەسەر بازرگانی ئازاد دەیەوێت زۆرێک لە ئامانجەکانی سەرەوە بە تایبەت ئاشتی جیهانی دەستەبەر بکات. بیرۆکەی بازرگانی دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی ململانێکان لە کارەکانی زۆرێک لە هزرمەندەکانی ڕۆشنگەری وەکو ئیمانوێل کانت، ئادام سمیس و جان جاک ڕۆسۆدا هەیە. ئەو بیرۆکەیە لە بەڕیتانیا بەتەواوەتی گەشەی کرد لە *قوتابخانەی مانچستەر بۆ سیاسەتی ئابووری* لە ساڵەکانی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا. لە ساڵی ١٨٣٥دا، ریتچار کۆبدن نامیلکەیەکی بە ناوی *بەڕیتانیا، ئێرلەندا و ئەمریکا* بڵاوکردەوە، جەختی کردە سەر بنەماکانی 'دەستتێوەرنەدان' و 'بازرگانی ئازاد' لە پەیوەندییە بازرگانییەکانی وڵاتەکان. لای کۆبدن و زۆرێک لە لیبڕاڵەکانی سەدەی نۆزدەهەم، بازرگانی نێوان وڵاتەکان هەروەها لە نێوان تاکەکانیش دەبێتە هۆی قازانجی دوولایەنە

# ناونیشانی وانه:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

پەیوەندییە بازرگانییەکان دەبێتە هۆی دروستکردنی پاڵنەرە مادییەکانی چارەسەرکردنی ململانێ سیاسی و ئاسایشییەکان. (٢) دەستەبژێرە بازرگانە جیهانییەکان، قازانجیان لەو ئاڵوگۆڕە بازرگانییانەدا دەبێت، دەبنە هۆی هاندانی گرووپە فشارە بەهێزە جیهانییەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی ئاشتییانەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتەکان. (٣) پەیوەندییە بازرگانییەکانی وڵاتەکان دەبێتە هۆی زیادکردنی پەیوەندی، کاڵکردنەوەی بیری نەتەوەویستی و نەتەوەپەرستی، وە هاندانی لایەنەکان بۆ دوورخستنەوەی پێکدادانی نێوانیان

# ناونیشانی وانه:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

بەتەنها هەبوونی بازرگانی ئازاد و پشت بەیەک بەستنی ئابووریی لە نێوان وڵاتەکان نابێتە هۆی دابینکردنی ئاشتی و ئاسایش لە نێوانیاندا. ئەو پەیوەندییانە پێویستیان بە سیستەمێک دەبێت بۆ تەواوکردنی هاوکێشەی بازرگانی ئازاد/ئاشتی، وە ئەو سیستەمەش، لای لیبراڵەکان 'سیستەمی دیموکراسیە'.

هەندێک لە وڵاتەکان تەنها یەک رەهەندی لیبرالیزمیان وەرگرتووە ئەویش بیرۆکەی بازرگانی ئازاد و سەرمایەدارییە، وەکو وڵاتەکانی چین و رووسیا، ئەو رەهەندە ئابوورییانەی لیبرالیزمیان بەتەوای بەرجەستە کردووە، بەڵام بۆ ئەوەی پشت بەیەک بەستنە ئابوورییەکانی روسیا، بە نموونە، ببێتە مایەی ئاشتی لەگەڵ وڵاتەکانی رۆژئاوای ئەوروپا، پێویستە روسیا سیستەمێکی دیموکراسی هەبێت. دەستتێوەردانی روسیا لە ئۆکرانیا و جەنگی ناوەخۆی سوریا، نموونەیەکی باشە بۆ بە دواداچوونی ئەو ئەرگومێنتە.

# ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

- ١- لیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

وڵاتە دیموکراسییەکان جیاواز لە وڵاتانی دیکە رەفتار دەکەن لە چەندین روانگەوە: یەکەم، وڵاتە دیموکراسییەکان ئەگەری کەمیان هەیە بچنە نێو ململانێی سەربازییەوە لەگەڵ یەکدی. دووەم، وڵاتە دیموکراسییەکان زیاتر دەست بە بازرگانی و وەبەرهێنانی نێونەتەوەیی دەگرن، ئاکامی پشت بەیەک بەستنی ئابووریی نێوانیان دەبێتە هۆی بەرقەرارکردنی ئاشتی. سێیەم، وڵاتە دیموکراسییەکان ئەگەری زۆریان هەیە کێشە و ناکۆکییەکانیان لە رێگەی دامەزراوە نێونەتەوەییەکانەوە چارەسەر بکەن

لیبراڵەکان بۆ رێگە گرتن و چارەسەرکردنی جەنگ پەنا بۆ دیموکراسی و بازرگانی ئازاد دەبەن. پرۆسەی دیموکراسی و دامەزراوەکانی دەسەڵات لە دەست چەند کەسێک دەردەهێنن و سنوور بۆ مەیلی شەڕخوازانەیان دادەنێن

## ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

### ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

شەپۆڵی دووەمی لیبڕالیزم دەگەڕێتەوە بۆ هەفتاکانی سەدەی رابردوو. وەکو کاردانەوەیەک بۆ پشتگوێخستنی رۆڵی *پەیوەندییە بان نەتەوەییەکان* (transnational relations) لە لایەن ریالیستەکانەوە. لەوساتەدا، قەیرانی نەوتی جیهان لە ساڵی ١٩٧٣دا، دەریخست ئەکتەرە نادەوڵەتییەکان دەتوانن کاریگەریان هەبێت لەسەر واقیعی ڕووداوە نێونەتەوەییەکان و هەندێک جاریش دەتوانن کێبڕکێی دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەت بکەن.

ئەو بۆچوونە بووە هۆی بەرجەستەکردنی پشت بەستنی دوولایەنە ( mutual interdependence) بۆ تەرخانکردنی تێگەیشتنێکی باشتر لە تێگەیشتنی ریالیزم بۆ جیهانی سیاسەت، بە تایبەت لەسەر کێشەکانی ژینگە و ئابووری نێونەتەوەیی

# ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

## ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

**ئەو پشت بەیەک بەستنە دوولایەن و چەند لایەنانە تەنها وای نەکردووە ولاتەکان لە بواری ئابوورییەوە بکەونە ژێر کاریگەری روداوەکانی نێوەخۆی یەکدییەوە، بەڵکوو لەسەر کۆمەڵێک بواری دیکەی وەکو پیسبوونی ژینگە، هەژاری و مافەکانی مرۆڤیشەوە.**

**وەکو ریالیستەکان، لیبرالە دامەزراوەییەکان نیگەرانی فێڵ کردن و نامتمانەیی نێوان وڵاتەکانن، بەڵام بە پێچەوانەی نیوریالیستەکان، لیبرالە دامەزراوەییەکان باوەڕێکی زۆریان بە دامەزراوەکان هەیە لە رێگرتن لەهەر فێڵکردنێک و کەمکردنەوەی ئاستی نامتمانەیی لە نێوان وڵاتەکان. رێکخراوە نێونەتەوەییەکان تەنها دامەزراوەیەک نین لە وڵاتانی ئەندامەوە پێک هاتبێت، بەڵکوو وەکو ئەکتەرێک دەتوانن لە مەیدانی سیاسەتدا رۆڵی خۆیان بگێڕن تەنانەت ئەگەر وڵات و ئەکتەرەکانی ئەندام تیایاندا لاوازیش بن. رژێمە نێونەتەوەییەکان فاکتەرانێکی کاریگەرن لە نێوان ساختاری هێزی سیستەمی نێونەتەوەیی و دانوستانە سیاسی و ئابوورییەکانی نێو خودی سیستەمەکە**

# ناونیشانی وانه:

# لیبرالیزم

## ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

مەبەست لە رژێمە نێونەتەوەییەکان: 'تۆڕێک لە ڕێسا، نۆڕمە، هەروەها ڕێکارەکانی ڕێکخستنی رەفتارەکانی دەوڵەتەکانە. لە هەل و مەرجەکانی پشت بەستنی دوولایەن و هاوبەشی جۆراوجۆر، رژێمە نێونەتەوەییەکان یارمەتیدەر دەبن لە دروستکردنی ئەجێندایەک بۆ ئاسانکردنی پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی و رەخساندنی دەرفەتی لێک نزیکردنەوەی ئەکتەرەکان'

# ناونیشانی وانه:

# لیبرالیزم

## ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- لیبراڵی دامەزراوەیی بەرامبەر نیوریالیزم
- لیبراڵە دامەزراوەییەکان بە هەمان شێوەی نیوریالیستەکان پێیان وایە وڵاتان ئەکتەرانێکی راشنالیستن، وە پێیان وایە هەردووک ئاسایشی نیشتیمانی و خۆشگوزەرانی ئابووریی نەتەوەیی گرینگن بۆ وڵات. بەڵام، لیبراڵە دامەزراوەییەکان پێیان وایە خۆشگوزەرانی ئابووریی وڵات لە رەهەند و بوارە سەربازییەکان گرینگترن، بە پێچەوانەوە نیوریالیستەکان گرینگیی زیاتر بە ئاسایشی نیشتیمانی دەدەن، بە تایبەت ئاسایشی سەربازی.

# ناونیشانی وانە:

# لیبرالیزم

## ٢- نیۆلیبرالیزم و ئاسایشی نەتەوەیی

- **لیبراڵی دامەزراوەیی بەرامبەر نیوریالیزم**
- لیبراڵە دامەزراوەییەکان پێیان وایە مەبەست، نیەت، بەرژەوەندی و زانیارییەکان زۆر گرینگترن لە دابەشبوونی پێگە و تواناکانی دەوڵەت لە سیستەمی نێونەتەوەییدا. لە بەرامبەردا، نیوریالیستەکان بانگەشەی توانای دابەشبوونی هێز لە نێوان دەوڵەتەکان لە دیاریکردنی رەفتاری دەوڵەتەکان دەکەن لە سیستەمی نێونەتەوەییدا .
- لیبراڵە دامەزراوەییەکان وەکو نیوریالیستەکان هاوڕان لەسەر رۆڵی دەوڵەت و هەل و مەرجە ئەنارکییەکانی سیستەمی نێونەتەوەیی، بەڵام گفتوگۆی هەبوونی دەرفەتەکانی هەماهەنگی تەنانەت لە جیهانێکی ئەنارکیدا دەکەن، باوەڕیان وایە هەماهەنگی نێوان دەوڵەتەکان روودەدات و دەکرێت لە رێگای دامەزراوەکانەوە رێک بخرێت. دامەزراوەکان مانای کۆمەڵێک رێسا و یاسا دەگەیەنن حوکم لەسەر رەفتاری دەولەت دەکەن لە سەر سیاسەتێکی دیاریکراودا، وەکو یاسای دەریا

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم و ئاسایش

- ٢- دیاردەی بەجیهانیبوون و پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە

ناونیشانی وانه:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- **١ - پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم و ئاسایش**

- پاش کۆتایی جەنگی سارد، ئایدیای بڵاو و قبوولکراو بریتیی بوو لە دروستبوونی گۆڕان و گۆڕانکاریکردن لە چەمك و بوارەکانی ئاسایشدا. هەروەها لە ڕوانگەیەکی ترەوە پەرەپێدان و گەشەسەندنی چەمکی "ئاسایش" بوو کە بەشێواز و فۆرمی جۆراوجۆر دەرکەوتووە. بۆ نموونە فرەرەهەند بوونی چەمکی ئاسایش لە ئاسایشی نەتەوەکان بۆ ئاسایشی تاك و گروپ و کۆمپانیاکان، بەرفراوانبوونی چەمکی ئاسایشی دەوڵەتان بۆ ئاسایشی سیستەمی نێودەوڵەتی و لە ڕاستیدا بۆژینگەی سەروو نەتەوەیی هاتنە ئاراوە.

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١ - پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- خستنەڕووی چەمکگەلێك وەکو ئاسایشی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵگەیی، ژینگەیی و مرۆیی شان بەشانی ئاسایشی لەشکری، لە کۆتایشدا پەرەسەندنی بەرپرسیارییەتی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش کە بێجگە لە دەوڵەتان، دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش بەرپرسیارەتییان کەوتە ئەستۆ. ئەم گۆڕانکاریانەش بوونە هۆی دروستبوونی چەندین قوتابخانە و تیۆریی نوێی ئاسایشی.

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١ - پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- "رۆبێرت ماندل" پێیوایە کە هەرچەندە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی لەپاش جەنگی ساردا وێکچوونی لەگەڵ پێش خۆی هەیە، بەڵام لە چوار پرس و بابەتدا جیاوازە(ماندل، 1998: 17):
- گرنگی زیاتری ئەکتەرە سیاسییە سەروو نەتەوەیی وژێر نەتەوەییەکان.
- بڵاوبوونەوەی تۆڕێکی ئاڵۆزی وابەستەبوونی دوولایەنە(Mutual dependence) و تەنانەت چەند لایەنەی ئابووری و بڵاوبوونەوەی سەرمایەداری و دیموکراتی.
- بەرزبوونەوەی گوشارەکان لەسەر ژینگەی سروشتی و سەرچاوەکانی سروشتی دەوڵەتانی هەژار و دواکەتوو.
- بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی لەشکری لە نێوان دەوڵەتاندا.

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- پۆست-پۆزەتیڤیزم روانگەیەکی رەخنەگرانەیە لە دژی گریمانەکانی پۆزەتیڤیزم. پۆست-پۆزەتیڤیزم مشت و مڕی ئەوە دەکات ناکرێت ئۆبجێکت (object) لە سۆبژە (subject)، بەها لە فاکت جیابکرێنەوە. پۆست-پۆزەتیڤیزم پێیوایە تیۆریزان ناتوانێت بە شێوەیەکی هاوسەنگ و بێلایەن جیهان بخوێنێتەوە دوور لە کاریگەری ئەو ژینگەیەی تیایدا ئەو کارە دەکات. رەخنەیەکی دیکەی پۆست-پۆزەتیڤیستەکان ئەوەیە کە توێژینەوەی پۆزەتیڤیستی رێگە بە گۆڕانکاری ریشەیی نادات، بەڵکوو مەندە static. بەوشێوەیە تیۆرەکەی دەکەوێتە ژێر کاریگەی ئەو بەهایانەی تیۆریزان هەڵیگرتوون (value-laden)

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاساییشییەکان

- ١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- بەشێوەیەکی گشتی، پۆست پۆزێتیڤیستەکان بڕوایان وایە کە جیهانی ڕاستەقینە تەنیا دروستکراو و پێکهاتەیەکی ڕووتی کۆمەڵایەتییە کە تیایدا تاکەکان دەتوانن بە ئاگاییەوە مانای زەینی بە کردەوەکانیان بدەن و پێگە و دۆخی خۆیان و ئەوانەیتر ڕاڤە بکەن. تاکەکان تەنیا بکەرێکی ناچالاك و پاسیڤ نیین، بەڵکو چالاکانە لە ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی کردەوەکانی خۆیان و ئەوانەیتردا بەشداری دەکەن.
- بۆ پۆست پۆزێتیڤیستەکان تەنیا مەعریفەیەك کە بوونی هەیە، بە شێوەی کۆمەڵایەتی دروستکراوە، بەم پێیەش واقعییەتی درك پێکراو(Perceived Fact) و واقعییەتی ڕاستەقینە(Real Fact) لەگەڵ یەکتریدا یەکسانن، چونکە بابەتە ئایدیاییەکان(Ideational) لە سەرووی بابەتە(Material) ماددییەکانەوەن

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- روانگەی پۆست پۆزێتیڤیزم ئاماژەیە بە کۆمەڵە تیۆرییەك لە ڕووی بوونناسی و مەعریفەناسییەوە لە هەمبەر تیۆرییەکانی پۆزێتیڤیستی. بەگشتی لە چوارچێوەی پۆست پۆزێتیڤیزمدا چەندین تیۆر و ڕوانگەی دیکە وەکو: هێرمۆنێتیك(Hermeneutics)، تیۆری ڕەخنەیی(Critical Theory)، تیۆرییەکانی فمێنیزم(Feminism Theories) و پۆست مۆدێرنیزم(Postmodernism) و ڕیالیزمی زانستی( Scientific Realism) بوونی هەیە.

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم و ئاسایش

- پۆست پۆزێتیڤیستەکان حەقیقەت بە ڕێژەیی و ناجێگیر و کراوە دەزانن، چونکە ناسین دیاردەیەکی زەینییە بۆیە واقعییەت ڕاڤە(تەفسیر) هەڵدەگرێت. بەم پێیە چەمکەکانی گرێدراو بە ئاسایش وەکو هەڕەشە و مەترسی، ناتەواو و زەمینەتەوەرن(Contextual). جا ڕەنگە بەم هۆیەوە ئاسایش بووەتە چەمکێکی ناجێگیر و ڕێژەیی کە لە هەر کۆمەڵگەیەك و سەردەمێك مانای تایبەتی هەیە. هەر بۆیەشە کە ئێمرۆکە دەوڵەتان بەهۆی بەئاسایشیکردنی(Securitization) پرس و بابەتەکان خۆیان بوونەتە سەرچاوەی هەڕەشە و تەنگژەی ئاسایشی

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١ - پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- سەرەتا لە گوتاری پۆست مۆدێرنەکاندا بە شێوەیەکی گشتی، ئاسایش بەپێچەوانەی ڕوانگەی پۆزێتیڤیستەکان کە بابەتێکی مادی و عەینییە و لە ڕوانگەی مۆدێرنیستەکان زەینی و عەینییە، لە ڕوانگەی پۆست پۆزێتیڤیستەکاندا زەینی-زەمەنییە، واتا زەینی-ڕێژەییە. بۆیە پەیوەندی گەوهەری و نەگۆڕ لە نێوان چەمکی ئاسایش وواقعییەتی دەرەکی بوونی نییە. هەروەها چەمکی ئاسایش بەپێی گوتاری زاڵ دەستنیشان دەکرێت کە پەیوەندی بە چەمکی هێزەوە هەیە. لەلایەکی دیکەشەوە لەم ڕوانگەیەدا گرنگی بە پرسەکانی ئاسایشی نوێ وەکو تیرۆریزم، پیسبوونی ژینگە، برسییەتی وهەژاری، مادەی هۆشبەرو نەخۆشییەکان وبڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ و..هتد، دەدرێت

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١ - پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش

- سەرباری ئەوە، دەکرێت بڵێین ئاسایشی پۆست مۆدێرن هەوڵدەدات خودی ئاسایش بە نائاسایشی بکات. واتا ئاسایشی پۆست مۆدێرن تایبەتە بە دوورکەوتنەوە لە داسەپاندنی چەمك و جیاوازییەکانی نێوان دۆست/دوژمن و لە بەرامبەریشدا لەسەر بنەمای فرەیی و دۆستایەتی و دروستکردنی ئەگەرەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بیروبڕوا، ئایدیا و باوەڕەکان دیکە و ڕێکخستنەوەی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە.
- پۆست مۆدێرنەکان نموونەی ڕێکخراوی ناتۆ دەهێننەوە کە لە چرکەساتێکدا دوژمنانی دوێنێی(بلۆکی رۆژهەلاتی ئەوروپا) وەکو دۆست لەخۆ دەگرێت و جیاوازی دۆست/دوژمن کۆتایی پێدێت. لێرەوە ڕووبەڕووی بیروبڕوا و ئایدیای نویّ دەبێتەوە، بەم پێیەش ئەم ڕێکخراوە ناچار دەبێت ناسنامەی خۆی پێناسە بکاتەوە و بیگونجێنێت لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژینگەی نێودەوڵەتی کە خودی "ناتۆ" بەشدارە لە گۆڕانکارییەکان

ناونیشانی وانه:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاساییشییەکان

- **١- پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش**

- بونیاتی کۆمەڵایەتی لە پۆست پۆزێتیڤیزمدا پێگەیەکی ناوەندی هەیە. لە ڕوانگەی زانایانی پۆست پۆزێتیڤیزم وەکو: "ژان فرانسوا لیۆتار" (Jean-François Lyotard) و "ژان بۆدێریار" (Jean Baudrillard) دەوڵەت بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و مۆدێرنیتەش پێناسەی ئاسایش دەبەستێتەوە بە پێناسەی دەوڵەت. واتا دەوڵەت دیاردە و بەرهەمێکی سیاسییە و دابینکردنی ئامانجەکانی بە جیاکردنەوەی نێوان خود و ئەوەیتر بەستراوەتەوە. ئەم "ئەوەیترەش" بێگانە، دەرەکی، بیانی و دوژمنە کە سنوورەکانی دەوڵەت خۆی دەستنیشان دەکات. لەم ڕوانگەیە ڕێکخستنی سیاسی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا لەسەربنەمای بڕیارێکی توندوتیژانە بۆ جیاکاری لە نێوان دۆست و دوژمنە کە ئەمەش هەموو کات جێگەی ململانێ و پێکدادانە

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ١ - پۆست پۆزێتیڤیزم: پۆست پۆزێتیڤیزم وئاسایش
- لە ڕاونگەی پۆست پۆزێتیڤیستیدا دابەشکردنی ئاسایش وبواری هەڕەشەکانی ناوخۆیی ودەرەکی بەم هۆیانەوە دروست نییە(عسگری، 2003: 395):
- روانگەی نا-ناوەندی.
- ب- سڕینەوەی ڕوانگەی هاوتابوونی دەوڵەت وەکو ئاسایشی نەتەوەیی.
- ج- ڕووخانی سنوورە نەتەوەییەکان وبێ مانابوونی هەرێم وسنوور.

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ٢- دیاردەی بەجیهانیبوون وپرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە
- تێکئالآوی وپێکەوە گرێدراوبوونی زیاتری جیهان لە پاش ساڵی 1990 وبەم پێیەش بەرفراوانبوون وبڵاوبوونەوەی پەیوەندییەکان دەکرێت بە بەجیهانیبوون بیناسێنین. بەجیهانیببون بە چەندین مانا بەکاردێت، بۆ نموونە(یزدان فام، 2009: 120):
- بە مانای وابەستەتربوونی بەشە جۆراوجۆرەکانی جیهان.
- بەرزبوونەوەی وابەستەگی جیهانی.
- پرۆسەی ڕۆژئاواییکردن.
- یەکسانسازی جیهان وتێکئالآوی هەموو ڕەهەندەکانی ئابووری وپرسە ناوخۆیی و ناوچەییەکانی دەوڵەتان بۆ ئاستی جیهانی.

ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ٢- دیاردەی بەجیهانیبوون و پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە

- ئاسایشی نەتەوەیی لە سەردەمی بەجیهانیبوون لە ژێر کاریگەری کەمبوونەوەی ڕۆڵی ڕەگەزە هەرێمییەکانی هێزدایە و سەرەنجی دەوڵەتانی بۆ لای ڕەگەزەکانی نوێی هێز کە زیاتر لەسەر بنەمای ئابووری و زانیاری و کەلتووری و ناسنامەییە، ڕاکێشاوە. بەم پێیەش بابەت و پرسی ئەولەوەییەتی ئەکتەرەکان جیاواز و فرەن. هەروەها هێزی ڕەق(Hard Power) یاخود لەشکری لە دەستەبەرکردنی ئاسایشی نەتەوەییدا پێگەی ڕابردووی خۆی لەدەستداوە(نای، 2008: 14).

ناونیشانی وانه:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ٢- دیاردەی بەجیهانیبوون وپرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە
- لەم بوارەش دا دەبینین کەوا دیموکراتی وەکو مۆدێل وسیستەمێکی دەسەڵاتدارییەتی سیاسیی ویستراو لە ئاستی جیهانیدا کاریگەری لەسەر ڕەفتار و سیاسەتی ئەکتەرەکان لەڕووی ئاسایشییەوە داناوە. بەم واتایە کە بەکارهێنانی هێزی ڕەق و لەشکری سنووردار بۆتەوە وبەکارهێنانی جۆرەکانی دیکەی هێز(هێزی نەرم) بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش زیاتر پەرەی سەندووە.
- بۆیە بەجیهانیبوون بۆتە هۆی ئەوەی کە دانیل بێل(Daniel Bell) بیرمەند و کۆمەڵناسی ئەمریکی، پێیوایە کە دەوڵەتی نەتەوە لە سەردەمی ئێستادا بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکانی گەورەی ژیانی خۆی زۆر بچووکە و بۆ چارەسەرکردنی پرسە بچووکەکانی ژیان، زۆرگەورەیە

# ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد و قوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- **٢- دیاردەی بەجیهانیبوون و پرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە**

- بەگشتی سێ ڕوانگە بۆ کاریگەریی بەجیهانیبوون لەسەر پرسی سەروەریی دەوڵەتی مۆدێرن دا هەیە(افتخاری، 2000: 37):
- گروپی یەکەم لەسەر بەردەوامی سەروەری نەتەوەیی پێداگری دەکەن و بەجیهانیبوون لە چوارچێوەی بنەماکانی سەروەری نەتەوەیی دەزانن. چەندین زانا وەکو کاریێت(GEOFFREY GARRETT) و ڕۆبێرت واد(Robert Wade) و گراهام تامپسۆن(Grahame Thompson) پێیان وایە کە بەجیهانیبون بەبێ پاڵپشتی دەوڵەتی نەتەوەیی سەرکەوتوو نابێت.
- گروپی دووەم بیرمەندانێك وەکو زۆرن(Michael Zurn) و ئۆهمت(Kenichi Ohmate)، بڕوایان وایە کە سەردەمی سەروەریی دەوڵەت کۆتاییهاتووە و پێیانوایە کە پێویستە سەروەری نەتەوەیی دووبارە پێناسە بکرێتەوە. بەم واتایە کە چیتر سنووری "ئێرە و ئەوێ" بوونی نەماوە.
- گروپی سێیەم ئەم دوو ڕوانگەیەی پێشووتر کۆ دەکەنەوە، بڕوایان وایە کە هەرچەندە سەروەریی نەتەوەیی وەکو پێشوو ئەوە توندوتۆڵ نەماوەتەوە، بەڵام بە مانای جێگرەوە بوونی بەجیهانیبوون بۆ سەروەری نییە. بۆیە بڕوایان بە سیستەمی نێونجی بۆ نموونە ناوچەگەرایی و هەرێمایەتی هەیە.

## ناونیشانی وانە:

# ئاسایشی نەتەوەیی لە پاش جەنگی سارد وقوتابخانە نوێیە ئاسایشییەکان

- ٢- دیاردەی بەجیهانیبوون وپرسەکانی ئاسایشی نەتەوەیی: سەروەری وەک نموونە

- شۆرشی ئەلێکترۆنی وزانیاری وپەیوەندی، دابەشکردنی کاری جیهانی و پرۆسەکانی بەرهەمهێنان، کاروباری ئابووری و بازرگانی و دارایی هەروەها هەستیاری لەهەمبەرپرسەکانی ژینگە و..هتد، سنوورەکانی دەوڵەتی نەتەوەی کاڵتر کردۆتەوە. بۆیە سەروەریی دەوڵەتان لێڵ و ناڕوون بۆتەوە، سەرباری ئەوەش دەسەڵاتدارییەتی حکومەت کەم کاریگەرتر و پرسی ناسنامەکانی ناجێگیر بووە، تەنانەت وەفاداریی هاوڵایان بۆناسنامەی فەرمی دەوڵەتان کاڵتربۆتەوە.

## ناونیشانی وانه:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ١ -تیرۆریزم وتاوانە ڕێکخراوەکان
- ٢ - پیسبوونی ژینگە وگۆڕانی کەش و هەوا
- ٣- ئاسایشی سایبەری وچەنگی سایبەری
- ٤- کۆچ وهەژاری ونەخۆشییە گوازراوەکان

# ناونیشانی وانه:

# ***مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی***

- *١-تیرۆریزم وتاوانە ڕێکخراوەکان*

- **ئاسایش لە سەدەی بیست و یەکەدا چەندین بوار و هەرشە و مەترسی لەشکری و نالەشکری لەخۆ گرتووە. بۆ نموونە، تاوانە ڕێکخراوەکان(Organaized Crime)، بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی و کۆکوژ(Weapons Proliferation)، کاروباری تاکەکەسی(Privacy)، پرسی ژینگە و گەرمبوونی گۆی زەوی(Global Warming)، ئاسایشی وزە، تیرۆریزم، ئاسایشی سایبەری، نەخۆشییە سنووربڕەکان، هەژاری، گەندەڵی و..هتد.**

ناونیشانی وانه:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ١-تیرۆریزم و تاوانە ڕێکخراوەکان

تیرۆر لە سەردەمی ئێستادا بەهۆی شۆڕشەکانی زانیاری و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و گەیاندن بۆتە دیاردەیەکی جیهانی و بەشێوازێکی ڕێکخراو مەترسی و هەڕەشەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی دروست کردووە، بۆیە ئەمڕۆ دەوڵەتان گرنگییەکی زۆر بە خۆپاراستن لە تیرۆر دەدەن و سەرچاوەیەکی ماددی و نامادی زۆری بۆ تەرخان دەکەن. بۆیە دەوڵەتانی دیموکراسی لە داڕشتنی ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر دەکەن بە یەکێك لە ئەولەویەتە سەرەکییەکانیان.

# ناونیشانی وانه:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ١-تیرۆریزم وتاوانە ڕێکخراوەکان

بۆیە ئەو توندوتیژییانەی کە تیرۆر بەرهەمی هێناوە لە چەند دەیەی ڕابردوو، بووە هۆی گۆڕانکاری لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان (ژکی ابراهیم، 2012: ص2). تیرۆر بریتیە لە بلاوکردنەوە و بەکارهێنانی ترس و تۆقاندن بە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری سیاسی، هەموو کارێکی تیرۆریستی توندوتیژی یان هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی لەخۆ دەگرێت، ئەم کردارە توندوتیژانەش لەلایەن ئەو کەسانەوە ئەنجام دەدرێت کە ناحکومین واتا بەشێك نین لە چەکدارەکانی دەوڵەت یان دەزگاکانی سەپاندنی یاسا، یان دامەزراوەکانی تری حکومی (هۆفمان، 2006: ل5).

## ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ١-تیرۆریزم وتاوانە ڕێکخراوەکان

تیرۆر چەندین هۆکاری جۆراوجۆری وەکو هۆکارەکانی ئابووری، سیاسی، مێژوویی، کۆمەلآیەتی، کلتووری یان ئایینی و... هتد. هەیە و هەندێکجار ئەو هۆکارانە بەیەکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر سەرهەڵدانی تیرۆر و بەردەوامی ئەم دیاردەیە و هەندێکجار بەهۆی نادادپەروەری و سەرکوتکردنی سیاسی یان بارودۆخی خراپی ئابووری هەروەها جیاکاری ڕەگەزی و چەوسانەوەی ئایینی یان نایەکسانی لە دابەشکردنی دەسەلآت و سەروەت و سامان دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی تیرۆر. بۆیە دەتوانین بڵێین سیستەمێکی سیاسی کە هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات دەتوانێت ببێتە ڕێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی دیاردەی تیرۆر.

## ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ١-تیرۆریزم وتاوانە ڕێکخراوەکان

"دۆناڵد هێنلْ"(Donald J. Hanle) کتێبی (تیرۆریزم: فۆرمی نوێی جەنگ) دا پێناسەی تیرۆریزم دەکات و دەڵێت: "تیرۆرترسێکی ئیفلیجکەری توند یاخود مەترسی ئەو ترسەیە. تیرۆریزم هەوڵێکی ئاگایانەیە بۆ بەکارهێنانی تیرۆر لە ڕێگەی کردەوەیەکی سیمبۆلیك کە بەکارهێنانی هەڕەشە لە ڕێگەی زۆر و توندوتیژی بە مەبەستی بەدەستهێنانی نفووز لەسەر تاکەکان یاخود گروپ و دەوڵەتێك".(هنل، 2004: 136). -

Donald J. Hanle (2007); Terrorism: The Newest Face of Warfare, New York: Potomac Books Inc.

# ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ١-تیرۆریزم وتاوانە ڕێکخراوەکان

لە چوارچێوەی چەمکی نوێی سایبەر-تیرۆریزمدا چەندین چەمکی نوێ وەکوو: جەنگی کۆمپیوتەری(Cyber War)، جەنگی تۆڕەکان(Network Warfare)، و جەنگی زانیاری(Information Warfare) لەسەردەمی بەجیهانیبووندا خراوەتە ڕوو.

لە سەردەمی ئێستادا تیرۆریزمی ناسنامەیی یاخود ئایینی و مەزهەبی وەکو هەڕەشەیکی نوێی ئاسایشی دەخەنەڕوو، بە مانای بەکارهێنانی توندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ ئامانجە پیرۆزەکانیان. ئەم جۆرە لە تیرۆریزم هەوڵی ئەوە دەدات کە هەموو ئەو شتانەی کە بە خراپ و ناپیرۆزی دەزانێت لەناو ببات و بیانسڕێتەوە.

## ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ٢- ئاسایشی سایبەری و جەنگی سایبەری

دامەزراوەی نێودەوڵەتی کەنەدی(CACL) کە لە ساڵی 1958 دامەزراوە، هەڕەشە سایبەرییەکان بە ئەو ڕووداوانە کە بەشێوەی سروشتی یاخود لە ڕێگەی مرۆڤەوە(بە مەبەست یا بێ مەبەست) کاریگەریان لەسەر فەزای سایبەریدا دروست بکات، بە گەشتی ئەوهەڕەشانەی کە پەیوەندیان بە فەزای سایبەرییەوە هەبێت، پێناسە دەکات.

فەزای مەجازی یاخود سایبەری بەکاریگەری فەزا و کۆمەڵگەیەك کە لەلایەن کۆمپیوتەر، زانیاری و ئامرازە ئەلیکترۆنییەکان و هەروەها تۆرە دیجیتاڵییەکان و بەکارهێنەران دروست دەبێت، پێناسەکراوە.

# ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ٢- ئاسایشی سایبەری و جەنگی سایبەری

ئەکتەرە دەوڵەتی و نا-دەوڵەتییەکان فەزای سایبەری بەکاردێنن تاوەکو بە ئامانجە کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژیایی، سیاسی ولەشکری وداراییو..هتد، لە جیهانی ڕاستەقینەدا بگەن، ئەمەش بە شێوازجۆراوجۆر دەکرێت.

# ناونیشانی وانه:

## مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ٢- ئاسایشی سایبەری و جەنگی سایبەری

- لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە هەڕەشە و مەترسییە ئاسایشییە سایبەرییەکان بکەین، لە ڕوانگەی تیۆریی بەجیهانیبوون:
- جەنگی سایبەری(Cyber Warfare):
- هێرشە سایبەرییەکان(Cyber Attacks):
- تیرۆریزمی سایبەری(Cyber Terrorism):
- تاوانە سایبەرییەکان(Cyber Crime):
- سیخوڕیی سایبەری(Cyber Espionage):

## ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- **٣- پیسبوونی ژینگە و گۆڕانی کەش و هەوا**

پرسی ژینگە لە سەردەمی بەجیهانیبوون بۆتە پرسێکی جیهانی، چونکە هۆکار و مەترسییەکانی ژینگە کاریگەری و دەرئەنجامی جیهانیان هەیە، وەکو: گازی ژەهراوی بەرهەمهاتوو لە سوتەمەنیەکان، کونبوونی ئۆزۆن، گەرمبوونی زەوی، پیسبوونی دەریا و زەریاکان، بارانە ئەسیدیەکان، کەمبوونەوە و لەناوچوونی گیانداروڕووەك و.... هتد، کە کۆمەڵێك هۆکارن کە ئاووهەوا و خاك، ڕووەك و گیانداران بکەونە مەترسییەوە، کە ئەمەش لە دەرەوەی توانای دەوڵەتە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە و پرسانە، کە ئەمەش دیسان سنووری دەسەلآتی دەوڵەت دەبەزێنێت و دەبێتە کێشە و پرسی مرۆڤی و کۆمەلآیەتی و کاریگەری لەسەر هەژاری و برسیەتی دەبێت بەهۆی پەیوەندی بە دابینکردنی خۆراك بۆ مرۆڤەکان و دواترپرسی ئاسایشی خۆراك .

ناونیشانی وانە:

# مەترسییە نوێکانی ئاسایشی نەتەوەیی

- ٤- کۆچ و هەژاری و نەخۆشییە گوازراوەکان

لەمێژوودا بڵاوبوونەوەی تاعوون یان مەرگی ڕەش بووە هۆی تووڕەیی خەڵک لە دەسەڵاتداران و بە تایبەت لە کلێساکان کە دەسەڵات و سروەتی زۆریان هەبوو، پشتکردنی خەڵک لە کلێساو مردنی بەشێکی زۆری قەشەکان قەیرانی بۆ ناوەندە مەزهەبییەکان دروستکردو تاقمی جۆراوجۆری مەزهەبی سەری هەڵدا کە بوونەهۆکاری شکانی شکۆی کلێساکان. لەلایەکی تربە هۆی مردنی خەڵکێکی زۆر، هێزی کاری ئەورووپا کەم بووەوەو دەوڵەمەندو دەسڕۆیشتووکان ناچار بوون مل بۆ داوای کرێکاران و خزمەتکاران رابکێشن و ئەنجامی ئەمانەش بووە هۆی پێچانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ گۆڕانی سیاسی، ئابووری، کەلتووری و کۆمەڵایەتی لە ئەورووپادا.

## ناونیشانی وانە:

# تیۆریی ڕەخنەیی وئاسایش

- مێژووی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی ئاسایش (critical security studies) وەکو قوتابخانەیەکی جیا دەگەڕێتەوە بۆ نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام مێژووی تیۆری ڕەخنەیی مێژوویەکی زۆر درێژتری هەیە. لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم، وە بە درێژایی جەنگی سارد، جۆرێک لە ئاماژەی دەرکەوتنی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی ئاسایش دەرکەوت. لەو قۆناغەدا هاوڵاتیان، گرووپ و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆشنبیرەکان و چالاکوانەکان داوای دووبارە پێداچوونەوەیان بە چۆنیەتی بیرکردنەوە لە پیادەکانی ئاسایش کرد کە ببوونە ڕێبەست لەبەردەم تێپەڕاندنی قۆناغی گواستنەوەی زۆربەی وڵاتەکانی ڕۆژئاوا.

## ناونیشانی وانە:

# تیۆریی ڕەخنەیی وئاسایش

- مێژووی تیۆری ڕەخنەیی دەکرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ کانت، بەڵام کارەکانی قوتابخانەی 'فرانکفۆرت' ڕاستەوخۆ بۆ مەبەستی تیۆری ڕەخنەیی دروست بوو. بابەتی سەرەکی قوتابخانەی فرانکفۆرت بریتی بوو لە نیگەرانی لەسەر تێگەیشتن لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگای سەردەم لە ڕێگای تێگەیشتنی ڕەگ و ڕیشەی مێژووی و فراژووتنی کۆمەڵایەتی، وە پەردە لادان لەسەر تێکهەڵچرژان و دژ بە یەکییەکانی سەردەمی ئێستا لە پێناو ئەگەری تێپەڕاندنی کۆمەڵگای سەردەم و فۆڕمەکانی کۆنترۆڵکردن تیایدا .

# ناونیشانی وانە:

# تیۆریی ڕەخنەیی وئاسایش

- . تیۆری کلاسیکی بانگەشەی جیاکردنەوەی ئۆبجێکت و سۆبژە لە یەکدی دەکات بۆ ئەوەی بە گونجاوی بچێتە پرۆسەی تیۆریزەکردن بە ڕێگای میتۆدە پۆزەتیڤیستییەکانەوە. تیۆری کلاسیکی شیمانەی ئەوە دەکات جیهانی ڕاستەقینە بوونی هەیە و دەکرێ بخوێندرێت ئەویش تەنها لە ڕێگای ئەزموونکردنیەوە. تیۆریزان دەتوانێت بابەتەکی بێت بۆ گوێدانە ئەو بەهایانەی هەڵیگرتووە (دیڤیتاک، ٢٠٠٥: ١٣٩). لە بەرامبەردا، تیۆری ڕەخنەیی، بەتەوای رەتی گریمانە و چەمکەکانی تیۆری کلاسیکی دەکاتەوە بەوەی تیۆر هەرگیز بۆ کاریگەری بەهاکان نابێت (value-free)، بەڵکوو بەها لە خۆ دەگرێت (value-laden) (جاکسۆن و سۆرنسن، ٢٠١٣: ٢٣٢-٢٣٣).

# ناونیشانی وانە:

# تیۆریی ڕەخنەیی وئاسایش

- لە تیۆری ڕەخنەییدا جەخت دەکرێتە سەر ڕۆڵی چەند ئەکتەرێک لە دروستکردنی سیستەمی باو و زاڵی چەمکەکاندا. یەکێک لەو ئەرکە گرینگانەی تیۆریزانە ڕەخنەییەکان بە ناسروشتیکردن denaturalise و تێکشکاندنی دۆخی 'ئێستا'یە، کە بۆ زۆرێک وەکو هەقیقەتێکی نەگۆڕ وەرگیراوە. ئەمەش ڕێگا بۆ بکەرە مرۆییەکان دەکاتەوە بیر لە چارەسەرییەک بکەنەوە لەسەرووی تیۆری چارەسەر کردنی کێشە (problem-solving theory)

ناونیشانی وانە:

# تیۆریی رەخنەیی وئاسایش

- کارەکانی رۆبەرت کۆکس بووە هۆی ئاگایی قوتابییەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بە ئایدیاکانی ئەنتۆنیۆ گرامشی، لە رێگای جیاکردنەوەی 'تیۆری رەخنەیی لەگەڵ 'تیۆری چارەسەرکردنی کێشە'. تیۆری رەخنەیی خۆی لە سیستەمی زاڵ و باو بە دوور دەگرێت، پرسیار لەسەر بوونی ئەو سیستەمە دەکات، بەڵام تیۆری چارەسەرکردنی کێشە پەیوەستە بە ناوەڕۆکەکانی ئەو سیستەمە، سەیری جیهان دەکات تەنها بەوشێوەیەی دەیانبینن، بۆ ئەوەی دامەزراوەکان و پەیوەندییەکانی نێو ئەو سیستەمە بێ کێشە کار بکەن، پرسیار ناخاتە سەر سیستەمی ئێستا، بەڵکوو کاریگەری هەیە لەسەر رەوایەتی پێدان و بەشتکردنیان (کۆکس، ١٩٨١: ١٢٨-١٢٩).

ناونیشانی وانە:

# تیۆریی رەخنەیی وئاسایش

- ئامانجێکی سەرەکی دیکەی تیۆری رەخنەیی روون کردنەوە و دەرخستنی هێزە شارەوەکانە، ئەو هێزو پاڵنەرانەی ناوەڕۆکی تیۆرەکان پێک دەهێنن. لەبەر ئەوە زۆربەی رەخنەکانی تیۆریزانە رەخنەییەکان لەسەر نیوریالیستەکان بووە کە تیۆرەکانیان بەئاگا و بێ ئاگا رەوایەتی بە دەوڵەت و پەیوەندییەکانی نێوانیان دەدەن. تەنانەت بۆ هەندێک لە تیۆریزانە رەخنەییەکان، دەگەنە ئەو خاڵەی بڵێن ریالیزم و لیبڕالیزم تیۆری راستەقینە نین، بەڵکوو چیرۆک و ئایدیۆلۆژیایەکن خزمەتی دەسەڵات و بەرژەوەندییەکانی سیستەم و نوخبەکانی دەکەن.

# ناونیشانی وانە:

# تیۆریی ڕەخنەیی وئاسایش

- تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش بەرەو رووی هەر پێناسە کردنێک دەوەستێتەوە. هیچ پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی ئاسایش نییە، وە هەر پێناسەیەکی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی ئاسایش کۆمەڵێک شت دەربارەی ئەو پێگە و شوێنەی هەوڵی پێناسەکردنەکەی دراوە پێ دەڵێت (پیوپلیس و وێلیامس، ٢٠١٠: ٣). چونکە پێناسە کردنێکی دیاریکراو بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەیی ئاسایش دەبێتە هۆی سنووردارکردنی کارەکانی تیۆریزانە ڕەخنەییەکان لەسەر ئەو شتانەی دەیانەوێت دووریان بخەنەوە. ئایدیای تەرخانکردنی پێناسەیەکی ئەبستراکت لەسەر هەر چەمکێکی نێو زانستە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکە لەو بابەتانەی تیۆریزانە ڕەخنەییەکان لە بنەڕەتدا ڕەخنەیان لێگرتووە. زاراوەی 'ڕەخنەیی' بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش لە ڕوانگە کراوس و وێلیامس (١٩٩٧: x-xi) بەمانای بەکارهێنانی زیاتر لە ڕوانگەیەک بۆ دیسپلینکەکە دێت. نەوەک تەنها مەبەست لێی ناو لێنانێکی تیۆری پووخت بێت.

## ناونیشانی وانە:

# تیۆریی رەخنەیی وئاسایش

- تیۆریزانە رەخنەییەکان پێیان وایە دەوڵەت ئامرازی ئاسایشە نەوەک ئامانج، بەوشێوەیە نابێت ببێتە ناوەند و سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش. تیۆریزانەکانی کلاسیکی ئاسایش یەکەی شیکردنەوەکانیان دەوڵەت بووە، وە ئەو رۆڵانەی لە لایەن دەوڵەتەوە بینراوە. لای تیۆریزانە رەخنەییەکان ئەو جۆرە گریمانەی ریالیستەکان و تیۆریزانە کلاسیکییەکان زیاد لە پێویست 'ناریالیستییە'. چونکە ناکرێت ژیان و بەشی ناوەخۆی وڵاتەکان پشت گوێ بخرێت.

# ناونیشانی وانە:

# تیۆریی رەخنەیی و ئاسایش

- چوارچێوەی کاری تیۆری رەخنەیی ئاسایش باشترکردنی هەل و مەرجە مومکینە سیاسییەکانە لەسەر پرسەکانی ئاسایش. لەبەر ئەوە یەکێک لە کارە هەرە سەختەکانی تیۆریزانە رەخنەییەکان ئەوەیە زۆربەی کێشەکانی ئاسایشی سەردەمی ئێستا دەرەنجامی ساختارە ناڕاستەکانن کە زۆر بە قووڵی رۆچوونەتە نێو تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگاکانەوە. بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو سەختییە، نابێت لە گریمانە و قسە کۆنەکان دەست پێبکەین. چونکە خودی چەمکە کۆنەکان بەشێکن لە قەیرانەکان. لێرەدا، کاری سەرەکی ئەو تیۆریزانانە بیرکردنەوەیە لە سات و زەمەنی پێش قەیرانەکان، بۆ بیرکردنەوەیەکی بونیادنەرانە لەسەر پاپەندبوونە ئەخلاقی و سیاسییەکان. هەموو ئەوانە یارمەتی تاکەکان دەدەن بۆ رزگاربوون لە دەست ئەو ساختارە ناڕەوایانەی بوونەتە مایەی قەیرانەکان .

# ناونیشانی وانە:

# تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

# (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا گرنگی و پرسی ناسنامە لە هاوکێشە ئاسایشییەکاندا گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە. بەم مانایە کە ناسنامەکان لە ناسنامەی دەوڵەت بۆ ناسنامەی ئایینی و ئەتنیکی گۆڕاوە. بەم پێیە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەپێی گوتارو جیاوازییەکان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت کە لەسەر بنەمای ناسنامەکانە.(Blanchard, 2012; pp.8-9).
- ئەم قوتابخانەیە(Third World Security School) وەکو رەخنەیەك لە قۆتابخانە و تیۆرییە ئاسایشییە رۆژئاواییەکان دروستبووە . لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە "کارۆلین تۆماس"(Caroline Thomas) و "محمد ئەیوب"(Mohammed Ayoob) بکەین.

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییە رۆژهەڵات لەدایکبووی وێنا و تێگەیشتنی ڕۆژئاوایە لە ئەویتری ناسنامەییەکەی. ئەم ڕوانگەیە بەکەڵك وەرگرتن لە هزرەکانی "گرامشی" زۆربەی چەمکەکانی پێناسەکراوی ڕۆژئاوایی وەکو ئاسایشی نەتەوەیی، ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە کە پێویستە جیهانی سێیەم خوێندنەوە و پێناسەی خۆی بۆ ئەو چەمك و پێناسە و پرسانە هەبێت.
- بە بڕوای ئەم ڕوانگەیە چەمك و بنەما فەلسەفی و هزرییە رۆژهەڵاتییەکان لەگەڵ بنەما ئابووری، کەلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوایی جیاوازی هەیە. لە ڕوانگەی ئەوانەوە ئاسایش و خوێندنەوە ئاسایشییەکان لەسەر بنەمای ڕۆژئاوایی و زیاتر ڕیالیستین و ئەوروپا یاخود ڕۆژئاوا-گەرایانەیە. بۆیە کەمتر گرنگی بە لاوازەکان و پەراوێزخراوەکان دەدەن.

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- ئەم ڕوانگەیە لە بواری ئاسایشیدا ڕەخنە لە ئەوروپا تەوەریی پاش جەنگی جیهانی دووەم لە خوێندنەوە ئاسایشییەکاندا دەگرێت و پێیان وایە کە ئاسایشی ئیمرۆکە دژبەیەکی تێدایە لە نێوان لۆژیکی ئاسایشی کۆن و پرسە ئاسایشییە نوێیەکان. هەروەها بە شێوەیەکی نەریتی بوار و خوێندنەوەی ئاسایشی لەگەڵ پەیوەندییەکانی زلهێزەکان هاوتەریب و هەماهەنگە لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا.(Barkawi&Laffey, 2006: 329).

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- لە ڕوانگەی تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم یاخود قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم ئاسایش بە شێوەی "پەیوەندی" درك دەکرێت، ئەمەش ڕوانگەیەکی دژە ئەورووپییە لەبارەی ئاسایش، واتا هەموو قوتابخانە و تیۆرییەکانی پێشتر کە باسمان کرد لە چوارچێوەی ئەوروپی و ڕۆژئاواییەوە ئاسایشی نەتەوەیی دەخوێنن، بەڵام ئەم قۆتابخانەیە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە ئاسایش تەنیا لە ڕوانگەی هێزە گەورەکان و پەیوەندی زلهێز و لاوازەکان و باکوور و باشوور پێناسە ناکرێت، چونکە هەموو ئەوانە لە تێگەیشتن لە چەمکی ئاسایشی نەتەوەییدا، بەشدارن. ئەم ڕوانگەیە لە ئاسایش سەرچاوەی ئاسایش بە ئەو خەڵکانە دەزانێت کە لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا پەراوێز خراون و بەهۆی سیاسەتە لیبرالییەکان لە بکەرایەتی ئاسایش وەلاوەنراون .(ابراهیمی، 2014: 25).

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- بۆ نموونە خاتوو لی نور جی. مارتین(Lenor G. Martin) لەبارەی دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڵێت: "ئاسایشی نەتەوەیی لەم ناوچەیە بریتییە لە تواناکانی دەوڵەت لە ڕێگەگرتن لە هەڕەشە لەهەمبەر سێ فاکتەری یەکپارچەیی هەرێم، کۆمەڵگە و ڕژێمی سیاسی". بۆیە پێیوایە کە بەرزترین هۆکاری نائاساییشی دەوڵەت لەم ناوچەیە ئەوەیە کە خاکەکەی داگیر بکرێت و حکومەتەکەی بڕوخێت یاخود کۆمەڵگەکەی بەهۆی ناسەقامگیری و پشێوی نەتەوەیی و مەزهەبی و جیاییخوازی و...هتد، تووشی مەترسی بێت.

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- چەمکی سەرەکی پۆست کۆلۆنیالیزم گرنگی بە کۆمەڵێك پرسی وەك پەیوەندییەکانی نێوان وڵاتانی ڕۆژئاوا "The west" و نا-ڕۆژئاواییەکان "Non-west" و وڵاتانی دیکەش دەدات.
- نمونەی سەرەکیش وەك لە پەرتووکەکەی ئێدوارد سەعید"2003-1935" ڕۆژهەڵاتناس (Orientalism)، و کارەکانی بیرمەندی جەزائیری "فرانز فانۆن" "1925-1961" (Frantz Fanon)، هەروەها ڕەخنەکانی لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش لەلایەن "باراکوی ولافێ" (Barakwi and Laffey) لە ساڵی 2006.
- لە ڕێگەی کار و نووسینی ئەم نووسەرانە دەکرێت گفتوگۆ لەسەر پرسەکانی ئاسایشی سەردەم بکرێت یان ڕوونبکرێتەوە کە ئێمە لە ئێستا دا ڕووبەڕووی بووینەتەوە، یەکێك لەو پرسانەش بۆ نموونە "تیرۆر". تیۆری پۆست کۆلۆنیالیزم، گفتوگۆ لەبارەی ئەزموونی چەندین شتی جیاواز دەکات وەك: پرسی کۆچبەری، کۆیلایەتی، سەرکووتکاری، بەرگریکاری، جیاکاری، ڕەگەز، پێگەی کەسێك لە نێوان خەڵکانی دیکەدا

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- هەژموونی ئابووری یەکێکە لە نیشانە سەرەکییەکانی نیۆ-کۆڵۆنیالیزم، کاتێك وڵاتێکی پۆست کۆڵۆنیالیست هێشتا لە دۆخێکدا دەمێنێتەوە کە پشت بە وڵاتی داگیرکەری پێش خۆی دەبەستێت، ئەمەش وادەکات وڵاتە داگیرکارەکەی پێشوو، هێشتا بە ڕێگەیەکی داگیرکەرانە ڕەفتاربکات و بەرامبەر بەووڵاتەی پێشتر داگیری کردبوو
- بۆیەش دەوڵەتە نوێکان هەرچەند خاوەنی سەرچاوەی دەوڵەمەند بن، ناتوانن وزەی خۆیان بەتەواوەتی پەرەپێبدەن. نیۆکۆڵۆنیالیزم ڕەنگە بەرهەمی دۆخێك بێت کە تەنها پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبێت. وەك نمونە کاریگەری ڕۆژئاوا بەسەر وڵاتانی پۆست کۆڵۆنیال، بە تایبەتی لە ڕێگەی میدیا و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، کە دەکرێت وەك ڕەفتارێکی نیۆ-کۆلۆنیالیزم دابندرێت. ئەمەش وادەکات خەڵکی دەوڵەتانی پۆست کۆڵۆنیال وابەستەی ئەو بیروبۆچوونانە بن کە لە میدیاکانی ئەمریکا و ئەورووپا لەبارەی کەلتوری مۆدێرن و شارستانییەت دەگوترێت. ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات وادەکات خەڵکی وڵاتانی پۆست-کۆڵۆنیال هەست بکەن کەلتورەکەیان دواکەوتووە یاخود بەسەرچووە، نموونەی ئەم کاردانەوەش دەتواندرێت لە هیندستان ببیندرێت

## ناونیشانی وانە:

# تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم
# (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- گۆشەنیگای پۆست کۆلۆنیالیزم لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش لە گۆشەیەکی جیاوازەوە سەیری پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەکات. تیۆرییەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە ئاسایش زیاتر بەدەست ناوەندییەتی ڕۆژئاواوە (West-centrism) ڕووبەڕووی سەختی بوونەتەوە، بەڵام گۆشەنیگای پۆست کۆلۆنیالیزم زیاتر خۆی لەگەڵ ناوەندییەتی جیهانی سێیەمەوە (Third World centred) گونجاندووە.

# ناونیشانی وانە:

## تیۆری پۆست-کۆلۆنیالیزم

## (قوتابخانەی ئاسایشی جیهانی سێیەم)

- کێشەی گرنگی تیۆرییەکانی دیکەی ئاسایش لەگەڵ گۆشەنیگای پۆست-کۆلۆنیال خۆی دەنوێنێت لەوەی کە: ئەوان لە توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاسایش جیهانی سێیەم زیاتر لەوەی وەك بابەتێکی ئاسایشی ببینن، وەك بەربەستێك دەیبینن. لە جیهانی ڕۆژئاوادا، جیهانی سێیەم وەك شوێنێك سەیردەکرێت کە هەڕەشەیەکی گەورە بەرامبەر بە ڕۆژئاوا بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا خودی کێشەکانی جیهانی سێیەم فەرامۆشکراون. گەورەترین جیاوازی ئاسایشی وڵاتانی جیهانی سێیەم و ڕۆژئاواش ئەوەیە کە دەوڵەتەکان وەك دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی ڕەوایەتیان نییە. هاوکات کێشەی ئاسایشی ناوخۆییان زیاتر درێژکراوەی کێشەکانی ئاسایشی دەرەکییە. .

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

قوتابخانەی ئینگلیزی هەندێك جارپێدەوترێت ڕیالیزمی لیبرالی، یاخود قوتابخانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (International Society) و باس لەوە دەکات کە لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی، کۆمەڵگەی دەوڵەتان هەیە ( Society of States). قوتابخانەی ئینگلیزی بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٧٠ سەرەهەڵدا بۆ ئەوەی پێناسەی گروپێك لە نووسەرانی بەناوبانگی بەریتانی بکات کە پێیانوابوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئامانجی سەرەکییە لە هەموو شیکارییەکان. گرنگترین ئەندامانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە هێدلی بووڵ (Hedley Bull)، مارتین وایت ((Martin Wight، جۆن ڤینسێت (John Vincet ) و ئادەم واتسۆن (Adam Watson) کە بڵاوکراوەکانیان لەنێوان ساڵانی شەستەکان بۆهەشتاکان دەرکەوت.

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

بەڵام لە ساڵانی دواییدا گرنگترین زانایانی ئەم قوتابخانەیە بریتیبوون لە "ڕۆبێرت جاکسۆن" ((Robert Jackson و باری بۆزان(Barry Buzan) و تیم دۆن (Tim Dunne) و نیکۆلاس ویلەر ( (Nicolas Wheelerهەرچەندە زۆرترین بایەخ وکاریگەری قوتابخانەی ئینگلیزی لە بەریتانیایە، بەڵام بە یەکێك لە بەشە گرنگەکانی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانیش دادەنرێت. بنەمای سەرەکی قوتابخانەی ئینگلیزی ئەوەیە کە دەوڵەتانی خاوەن سەروەری کۆمەڵگا پێکدەهێنن، هەرچەندە سیستەمی نێودەوڵەتی لە فۆرمێکی ئەنارشیدایە (پاشاگەردانی)یە، ئەمەش بەومانایەدا نایەت کە خۆیان بەدەستەوە بدەن بۆ دەسەڵاتێکی بەرزتر.

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

ئەو ڕاستییە پێماندەڵێت ئەو دەوڵەتەی سەرکەوتوو بێت لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی خاوەن سەروەری، دەبێتە وەرچەرخانێکی گرنگ لە پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایە. قوتابخانەی ئینگلیزی پێیوایە ئەگەر سەروەری دەوڵەت نەمێنێت، ئەوا ترس و توندوتیژی و ناسەقامگیری و نائاسایشی دێتە ئاراوە. گرنگترین ئەندامانی قوتابخانەی ئینگلیزی بابەتی توندوتیژی بە نەخۆشییەکی کوشندەی کۆمەڵگەی ئەنارشی(Anarchical Society) دادەنێن. لە هەمانکاتدا پێیان وایە کە خودی دیاردەی توندوتیژی کۆنترۆڵ دەکرێت بە عەقڵانییەت ویاسای نێودەوڵەتی.

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی ئینگلیزی و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەندامانی قوتابخانەی ئینگلیزی لەسەر ئەوە کۆکن کە سیستەمی سیاسیی نێودەوڵەتی زیاتر سیڤیل و ڕێکخراوە، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ڕیالیست و نیۆڕیالیستەکان. زانایانی قوتابخانەی ئینگلیزی پێیان وایە کە توندوتیژی بنبڕناکرێت و ئەم ڕایەش ڕەتدەکرێتەوە لەلایەن ئایدیالیستەکانەوە کە باوەڕیان وایە ئاشتی هەمیشەیی دەتوانرێت دەستەبەربکرێت(See: buzan, 2004: pp. 10-23).

زانایانی ئینگلیزی پێشبینی ناکەن کە سیستەمی نێودەوڵەتیش بتوانێت هەماهەنگی بەردەوام بکات، بەڵام کۆکن لەسەر ئەوەی کە ڕێژەیەکی بەرزی ئاسایش دەتوانرێت بەدەست بێت لە دەوڵەتە بەهێز و سەقامگیرەکان. ئەم قوتابخانەیە نزیکایەتی هەیە لەگەڵ تیۆری کۆنستراکتیڤیزم ((Constructivism، هەرچەندە، قوتابخانەی ئینگلیزی زیاتر سەرنج دەخاتە سەر مێژووی جیهان، یاسای نێودەوڵەتی و بواری تیۆری سیاسی.

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

"باری بۆزان" ئەوە دەخاتەڕوو کە سێ چەمکی سەرەکی دەتوانن قوتابخانەی ئینگلیزی ڕوون بکەنەوە کە ئەوانیش بریتین لە:

ا-سیستەمی نێودەوڵەتی

ب-کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

ج-کۆمەڵگەی جیهانی. (See: Buzan, 2004: pp. 23-29).

# ناونیشانی وانه:

# قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

قوتابخانەی ئینگلیزیی کلاسیك دەستیپێکردووە لەگەڵ تێڕوانینەکانی ڕیالیزم سەبارەت بە سیستەمی نێودەوڵەتی کە پێکدێت لە دوو دەوڵەت یان زیاتر کە هەماهەنگی لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. ئەم سیستەمەی قوتابخانەی ئینگلیزی سەر بە ڕیالیزم و سیاسەتی هێز(Politicis Power) دیاری دەکات. هەروەها بابەتی ئەنارشی نێودەوڵەتی لە ناوەندی بناغە تیۆرییەکەی دادەنرێت. ئەمە لە کاتێکدایە، هێدلی بوڵ، لەلای خۆیەوە پێناسەی سیستەمی نێودەوڵەتی دەکات کە پێکهاتبێت لە دوو دەوڵەت یان زیاتر کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و کاریگەری گرنگیان هەیە بەسەر بڕیار و هەڵسوکەوتەکانی ئەوی تر، بۆ ئەوەی هەموو بەیەکەوە لە مامەڵە کردن لەیەکەوە نزیك بن.

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

- به شێوەیەکی گشتی، قوتابخانەی ئینگلیزی دابەشبووە بە سەر دوو لقی سەرەکی و بەم شێوەیەی خوارەوە:
- 1- پلورالیستەکان (Pluralists)، باسی هەمەچەشنی مرۆڤ و نەریتە جیاوازییەکانیان لە ڕووی سیاسەت و ئایین و زمان و نەتەوەیان دەکەن. ئەم ڕێگایە دەگونجێت لەگەڵ کۆمەڵگایەك کە ڕێگا دەدات بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی دەوڵەتەکان، بەو شێوازە حکومەتەکەی خۆیان دەیانەوێت. ئەم پێگەیە بە بەهێزترین شێوە بەکارهاتووە لەلای "رۆبێرت جاکسۆن"، لە پەرتووکی (The Global Covenant: Human Conduct in a World of State) دا.
- 2- سۆلیداریستەکان (Solidarists)، بەپێچەوانەوە پێیانوایە کە کۆمەڵگای دەوڵەتان دەبێت هەوڵی زیاتر بدەن بۆ باشترکردنی بارودۆخی مافی مرۆڤ و دژی مافی دەوڵەتانن بۆ سەربەخۆیی سیاسی و دژی ڕەتکردنەوی دەستێوەردانە لە کاروباری ناوخۆ. ئەم ڕایە دەتواندرێت لە بابەتەکانی نووسراولەسەردەستێوەردانی مرۆیی بەرجەستە بکرێت، وەکو نووسین و بیروراکانی نیکۆلاس ویلەر

# ناونیشانی وانه:

## قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

- سەرەڕای ئەم دوو خاڵە، چەند ڕوانگەیەکی تر هەیە لە نێو خودی قوتابخانەی ئینگلیزی، هەروەك دیارترینیان ئەوەیە هەندێك زانا پێیانوایە کە ڕێگاکانی قوتابخانەکە دەبێت مێژوویی بێت وەکو "ڕۆبێرت جاکسۆن" و "تیم دۆن"، هەروەها هەندێکی تر پێیانوایە کە بەشێوەیەکی میتۆدی دەبێت پلورالیستی بێت بۆ ئەوەی سوود ببینێت لە تیۆری پۆزتیڤیزم بۆ ئەم قوتابخانەیە، وەکو "باری بۆزان" و"ڕیچارد لیتل".

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی ئینگلیزی و ئاسایشی نەتەوەیی

لە پراکتیکدا، بەشی هەرە زۆری قوتابخانەی ئینگلیزی سەرنج دەخاتە سەر کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی، هەروەها نۆرم و یاسا و دامەزراوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی کەم لە ناو قوتابخانەی ئینگلیزی بەوردی ڕەگەزەکانی بەرنامەی خوێندنەوەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتیان باسکردوە لەسەر پرسەکانی ئاسایشی مرۆیی و دەوڵەتی ناوەندی. پرسە سەرەکییەکانی قوتابخانەی ئینگلیزی دەربارەی سەقامگیری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە "بۆڵ و واتسۆن" باسیان کردووە، هەروەها دەربارەی نایەکسانی کە "کین" پێداگری لەسەر دەکات، وەکو مشتومڕە ئاسایشییەکان دەتوانرێت خوێندنەوەی بۆ بکرێت دەربارەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها ناسەقامگیری ئەوانەی کە بەخراپی مامەڵەیان لەگەڵ کردووە. سەرەڕای ئەوە، لە نووسینەکانی خۆیدا، بوڵ، سەرنجی خستۆتە سەر کۆنترۆڵ کردنی چەك، جەنگ و باڵانسی هێز وەکو هۆکارێك بۆ هێنانەدی ئاسایش.

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی ئینگلیزی و ئاسایشی نەتەوەیی

لە قوتابخانەی ئینگلیزیدا(English School) دوو ڕوانگە لەبارەی ئاسایشدا هەیە، هەردووکیان لەسەر بوونی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کە هەڵگری بەهاکان، ڕسا و دامەزراوە هاوبەشەکان کۆکن. بەڵام لەبارەی جۆری تێگەیشتنیان لە چەمکی ئاسایش هاوڕا نین. لە ڕاستیدا لە نێوان ئەولەوییەتی ئاسایشی دەوڵەت لەلایەك و ئەولەوییەتی ئاسایشی تاکەکان لەلایەکی دیکەوە دابەشبوونە

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی ئینگلیزی وئاسایشی نەتەوەیی

- لەم قوتابخانەیەدا ڕوانگە یاخود لایەنە فرەگەراکان(The pluralist position) بە پێداگری لەسەر ئاسایشی دەوڵەت لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاتێك دەستەبەر دەبێت کە ئاسایشی دەوڵەتان پشتیوانی لە سەروەری، ڕێزگرتن لە بنەمای دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتان و بوونی سیستەمێکی نێودەوڵەتی جێگیر دەستەبەر کرابێت. ئەم ڕوانگەیە لەلایەن "هێدلی بۆڵ"( Hedley Bull) و "ڕۆبێرت جاکسۆن"(Robert H. Jackson) بەرگری و نوێنەرایەتی دەکرێت. "بۆڵ" ڕەگەزەکانی وەکو هاوسەنگی هێز، یاسای نێودەوڵەتی، دیپلۆماسی، جەنگ وڕۆڵی زلهێزەکان بە هۆکاری بەرقەرای سیستەمی نێودەوڵەتی دادەنێت. لە هەمانکاتدا "جەکسۆن" پێیوایە کە سیاسەتی جیهانی لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێکی جیهانییە کە کۆمەڵگەی فرەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دروست دەکات. ئەم ڕێککەوتنە جیهانییە لە هەندێك کاتدا لە نۆرم و پرۆسەکانی ناسینی دوولایەنەی سەروەری و یەکپارچەیی هەرێمی دەوڵەتان وەکو بنەمای بنەڕەتیی دەستێوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتاندا خۆی دەبینێتەوە.(Bellamy&McDonald, 2004: pp. 312-314).
- بەڵام ڕوانگە و گروپی دووهەمی ئەم قۆتابخانەیە پێیانوایە کەوا ئاسایشی تاکەکان لە سەرەوەی ڕیزبەندی و ئەولەوییەتدایە. بۆ نموونە "نیکۆلاس ویلیەر"(Nicholas J. Wheeler) و "ئەندرۆ لینکلیتەر"(Andro Linklater).

# ناو نیشانی وانه:

## قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

ئەم قوتابخانەیە(Welsh School or Aberystwyth School) یەکێك لە قوتابخانە گرنگەکانی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە ئاسایشییە ڕەخنەییەکانە.(Booth, 1991: 312). بنەڕەتیترین مشتومڕە ئاسایشییەکان لەم قوتابخانەیەدا لەسەر بنەماکانی بوونناسی و مەعریفەناسییە. بە وتەی "کریستیان سیلڤێستۆر"(Christine Sylvestor) هەوڵەکانی ئەم قوتابخانەیە بەپێچەوانەی بنەماکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە کە خەڵك هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی تێدا نییە. ئەم قۆتابخانەیە بەپێی بنەما بووننناسی و مەعریفەناسییەکەی بۆ قووڵبوونەوە لە بواری خۆیدا بۆچوونی وایە کەوا ئاسایشی نەتەوەیی وەکو بەرژەوەندی نەتەوەیی یاخود ماف و ئەرکی تاکەکان نییە، بەڵکو وەکو بوارێکی گوتاری بۆ مشتومڕ و

گفتوگۆ و دیالۆگە.

# ناو نیشانی وانە:

## قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

لەم ڕوانگەیەوە ئاسایش بوارێکە بۆ گۆڕانکاری لە بەهاکان، ڕەوایەتی مەعریفە و بەرهەمهێنانەوەی ناسنامەی بەکۆمەڵ. لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر ڕیشەکانی ترس و تێگەیشتن لە هەڕەشە و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکانی و...هتد، خوێندنەوەی بۆ بکرێت، ئەوە ڕۆڵی ئەکتەر/بکەرەکان گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆیە ئەم قوتابخانەیە پێیوایە کەوا پێویستە دەوڵەت لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ بکرێت.

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیە فاکتەرەکانی دەستنیشانەکەری ئاسایش لە هەر دوو ڕەهەندی تیۆری و پراکتیك، بۆ فاکتەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی و نەتەوەییەکان دەگەڕێتەوە. ئەم قوتابخانەیە لە ڕەهەند و زانست و بوارەکانی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی، دەروونناسی و لێکۆڵینەوە کەلتوورییەکان بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی ئاسایشی کەڵك وەردەگرێت.

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی وێڵز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

هەرچەندە بیروڕاکانی "یۆرگن هابێرماس" (Jürgen Habermas) و "گرامشی" (Antonio F. Gramsci) کاریگەریان لەسەر ئەم قوتابخانەیەدا هەیە. لە بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەتوانین ئاماژە بە دوو بیرمەندی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە "کێن بوس"(Ken Booth) و "ڕیچارد جۆنز"(Richard W. Jones) بکەین.

لێرەدا چەمکی "رزگاری" لەلایەن بیرمەندی سەرەکی ئەم قوتابخانەیە "کێن بووس" دەخرێتەڕوو و پێشنیاز دەکات کە ئاسایش دەبێت لە ڕێگەی بەشداری ئازادانەی تاك و گروپەکان و لە دەرەوەی سنووره مرۆیی و مادییەکان بێت و بەپێی هەڵبژاردنی ئازادانەی مرۆڤەکان بێت. بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە دەڵێن پێویستە جیهان لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە نەبینین، بەتایبەتی لە بواری ئاسایشی نەتەوەییدا. چونکە دەوڵەت زۆربەی کات خۆی بەشێك لە کێشەکان بووە نەك چارەسەر. بۆیە بە بڕوای ئەم قوتابخانەیە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەکان لە پرسەکانی ئاسایشی لەبارەی مرۆڤە نەك دەوڵەت.

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

سیاسی و دروستکردنی ئایدیای ئاسایش بە ئاماژەدان بە ئەزموونی ژنان و پیاوان لە هەڕەشە و مەترسییەکان ئەنجام دەدات تاوەکو بتوانێت هەڕەشە لەشکرییەکان و دەوڵەت سەنتەریی کە زاڵە بەسەر بەرنامەی کاری نەریتیی لێکۆڵینەوەی ئاسایشیدا، ئاشکرا بکات. ئەمەش لەگەڵ قوتابخانەی کۆپنهاگن کە خوازیاری بە نائاسایشیکردنی پرس و بابەتەکانە، دژبەیەکە. چونکە قوتابخانەی کۆپنهاگن نیگەرانی ئەوەن کە ئەو پرسانەی کە بە ئاسایشی دادەنرێن لە ڕێگەی نوخبە حکومییەکانەوە ببێتە هۆکاری دروستبوونی نائاسایشی، بەڵام بیرمەندانی ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە کە ئاسایش چەمکێکە بۆ لێکۆڵینەوە و لەهەمانکاتیشدا بەکارهێنانی پراکتیکییەکەی بە ئاسایشی بکەن.

بەگشتی ئەم قوتابخانەیە سەرچاوەی ئاسایش تاك یاخود ئەو خەڵك و ناسنامانە دەزانێت کە کێشەیان دەوڵەتەکانیانە.

# ناونیشانی وانە:

## قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

کارەکانی شارەزاکانی قوتابخانەکە لە دووتوێی دوو کتێبی گرنگدا بڵاوببوونەوە؛ *لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی رەخنەگرانە و جیهانی سیاسەت (١٩٩٧)*، *تیۆری جیهانی ئاسایش (٢٠٠٧)*. کین بۆتس ریتچارد وین جۆنس لە دیارترین شارەزاکانی ئەو قوتابخانەیەن. بنەما هزرییەکانی قوتابخانەکە لە تیۆری رەخنەیی ئاسایشەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەت لە بنەماکانی مەعریفەت وەکو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی، رزگاربوون و تێکشکاندنی سیستەمی دەوڵەتی.

قوتابخانەی ئەبەریستویز یەکێکە لە گرنگترین هەوڵەکانی پێشخستنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایشی رەخنەگرانە. پێشنیازی سەیرکردنی جیهانی سیاسەت دەکات لە سەرووی چاوەکانی دەوڵەتەوە. بنەمای سەرەکی سیستەمی دەوڵەتی بریتییە لە وەرگرتنی 'ئاسایشی نیشتیمانی' وەکو بەرزترین بەرپرسیاریەتیی دەوڵەتەکان.

## ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی وێلز (قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

### مەبەست لە 'رزگاربوون'

ئایدیای 'رزگاربوون' دەبێتە هۆی پرۆگرێس و گۆڕانکاری لە جیهانی سیاسەت، دەبێتە هۆی هێشتنەوەی هیوا و ئومێد لە پێناو هەستکردن بە ئەزموونی نائاسایشی تاکەکان. 'رزگاربوون تاکە هیوای ئەبەدییە بۆ بوون بە شتێ' (بۆتس، ١٩٩٩: ٤٦). رزگاربوون بریتییە لە بەدەرخستنی خەسڵەتی سیاسییانەی ئاسایش، وە گەڕانەوە بۆ ئەزموونی پیاو و ئافرەتەکان لەگەڵ هەڕەشە و پیادەکانی ئاسایش (ئەلکەر، ٢٠٠٥: ١٩٥). وە ڕێبەستی گەورەی بەردەم خەبات و هەوڵی رزگارکردنی تاکەکان، جەنگ و هێزی سەربازی نین، بەڵکوو ترس و برسیەتی و هەژارین (جۆنس، ١٩٩٩). لێرەدا قوتابخانەی ئەبەریستویز لە ڕێگای جەختکردن لەسەر هەڕەشە نوێیە ناسەربازییەکانی سەر ئاسایشی تاکەکان، مانایەکی نوێ بە ئاسایش دەبەخشێت.

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

**مەبەست لە 'رزگاربوون'**

**یەکێک لە مەبەستە گرنگەکانی رزگاربوون بۆ بەنامەرکەزیکردنی تێگەیشتنی سەربازیانە و دەوڵەتیانەی ئاسایشە بە جۆرێک قوتابخانەی کۆپنهاگیش نەیتوانی بە تەواوی ئەو بیرکردنەوەی کلاسیکیانەی ئاسایش تێبپەڕێنێت. کین بۆتس و ریتچارد جۆنس نەوەک تەنها دەستیان کرد بە رەخنەگرتن لە چەمک و گریمانە کلاسیکییەکانی ئاسایش، بەڵکوو روانینێکی زۆر روون و تۆکمەیان بۆ چەمکاندنی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش پێشکەشکرد بە کردنی 'رزگارکردنی مرۆڤەکان' بە ناوەڕۆکی بیرکردنەوە و تێستی تیۆرەکانیان.**

## ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی وێلز (قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

### ئەبەریستویزو چەمکی ئاسایش

کین بۆتس رەتی ئەوە دەکاتەوە چەمکی ئاسایش چەمکێک بێت پێناسە نەکرێت. بۆ بەدەستهێنانی ئاسایش، دەبێت ئاسایش پێناسە بکرێت وە باشترین خاڵی دەستپێکیش بۆ دووبارە چەمکاندنی ئاسایش دەوەستێتە سەر هەل و مەرجەکانی راستەقینەی نائاسایشی مرۆڤەکان. بە پێچەوانەی قوتابخانەی کۆپنهاگن، ئاسایش بریتی نییە لە 'مانەوە'، بەڵکوو پێویستمان بە ئاسایشە نەوەک بە مانەوە. ئاسایش بریتییە لە مانەوە-پلەس (پلەس مەبەستی سەربەخۆبوونە لە دەست هەڕەشەکانی سەر ژیان و هەبوونی بوارێک بۆ هەڵبژاردنەکان). بە کورتی، مانەوە بریتییە لەوەی لە ژیاندا بی، ئاسایش بریتییە لە ژیان.

# ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی وێلز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

## ئەبەریستویزو چەمکی ئاسایش

ئەبەریستویز پێیوانییە سروشتی ئاسایش سروشتێکی سەربازی و یارییەکی سفری و دەستەویەخە zero-sum بێت، بەڵکوو بە بەئاسایشیکردن بەمانای بەسیاسەتکردنی پرسێکی ئاسایش دێت و دەبێتە هۆی پرسیارکردن لەسەر مافی دەستەبژێرەکانی دەسەڵات لەبەکارهێنانی ئاسایش وەکو یارییەکی سفری -zero sum و تێگەیشتنی سەربازییانە.

ئەگەر سروشتی ئاسایش پەیوەست بێت بە ئیرادەی دەستەبژێرەوە، وەک قوتابخانەی کۆپنهاگن پێیوایە، کەواتە چوارچێوەی بابەتەکانی ئاسایش تەنها ئەو شتانە دەبێت لە بەرنامەی دەستەبژێرەوە هەیە. هەرلەبەر ئەوەیە تا ئێستا پرسەکانی وەکو هەژاری، گەرمبوونی جیهان و پیسبوونی ژینگە بەجدی وەکو پرسێکی ئاسایشی جیهانی و نەتەوەیی سەیرنەکراوە.

ناونیشانی وانە:

# قوتابخانەی وێڵز(قوتابخانەی ئەبریستویت) و ئاسایشی نەتەوەیی

## ئەبەریستویزو چەمکی ئاسایش

لە جێگەی 'بەنائاسایشیکردن'ی قوتابخانەی کۆپنهاگن، ئەبەریستویز پێشنیازی بە 'بەئاسایشکردن' دەکات بە مەبەستی فشار خستنە سەر لایەنەکان بۆ چارەسەرکردن و مامەڵە کردن لەگەڵ پرسە جیاوازەکانی ئاسایش. بیرۆکەی بە سیاسەتکردنی پرسەکانی ئاسایش، یا بەنائاسایشیکردن خاڵی سەرەکی جیاوازی نێوان هەردوو قوتابخانەکەیە.

لای قوتابخانەی ئەبەریستویز سەیرکردن و تێگەیشتنی یەکێک بۆ ئاسایش و پێناسەکردنی هەڕەشەکان دەوەستێتە سەر کۆمەڵگا، ناسنامە، ئەکتەرە جیاوازەکان و پێگەی کۆمەڵایەتی جیاوازەوە.

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

- **به جێندەرکردنی ئاسایش**

- له هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، فیمینیستەکان دەستیان کرد بە رەخنە گرتن لە تیۆرە کلاسییکیەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش. رەخنەی فیمینیستەکان لە تیۆرەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان دەچێتە خانەی تیۆری رەخنەییەوە، لەوە سەرچاوەیان گرتووە جیاوازی جێندەر هەیە لە پرۆسەی پیادە کردن و وێناندن و تیۆرێزە کردنی ئاسایش. پرسیاری سەرەکی فیمینیستەکان بریتی بوو لە ئاسایشی کێ؟ whose security، هەروەها هەڕەشەکانی ئاسایش چین؟ بەو شێوەیە زۆر بەهێز هاتنە نێو بابەتی ئاسایشەوە و بەشێوەیەک لە شێوەکان بوونە هۆی دووبارە پێداچوونە بە کۆمەڵێک چەمکی پەیوەندداربەئاسایش، لەوانە چەمکی سەروەری دەوڵەت

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک ڕوانگەیەکی تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش

- **بە جێندەرکردنی ئاسایش**

- تیۆرە باوەکانی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان هەر لە کلاسیک و نوێدا گرینگییان بە "دەوڵەوت" داوە لە جێگەی گرینگیدان بە "خەڵک". بەڵام بە پێچەوانەوە هیچ ڕوانگەیەکی فیمینیستی هەوڵی ئاراستە کردنی هەموو لایەنەکان بۆ سەر یەک بابەت نادات. هەر ڕوانگەیەکی فیمینیستیانە هەوڵی ئەوە دەدا سەرنجی ئێمە لە چەندین ڕێگای جیاوازەوە بۆ بیرکردنەوە لە بابەتی جێندەر ڕابکێشێت.
- فیمینیزم، بە کورتی، دەکرێت بناسرێت وەکو کاری کۆمەڵێک چالاکوان و تیۆریزانەکانی بواری ئافرەت بۆ جەخت کردنە سەر ڕۆلی جێندەر لە جیهانی سیاسەت. بابەتی سەرەکی فیمینیزم بریتییە لە ڕەخنە گرتن و بیرکردنەوە لە زەرورەتی گۆڕانکاری کردن لە سیستەمی ئێستا بە تایبەت لە پەیوەندیی نێوان 'جێندەر' و 'هێز'.

## ناونیشانی وانە:

# فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

- **بابەت ورەخنە سەرەکییەکانی فیمینیزم**

- یەکەم: خوێندنی زانستیانە بۆ جیهانی سیاسەت: تیۆرە باوەکانی لێکۆڵینەوەکانی ئاسایش بە تایبەت نیو ریالیزم، جەختیان کردۆتە سەر خوێندنی زانستیانەی جیهانی سیاسەت، هەوڵی روونکردنەوەی رەفتاری وڵاتان لە سیستەمی نێونەتەوەیی دەدەن بە گەڕانەوە بۆ یاسا گەردوونی و بابەتەکییەکان. لە بەرامبەردا، فیمینیستەکان گوومان و پرسیاریان خستە سەر راستی و دروستی ئەو یاسا گەردوونیانە کە تیۆرە باوەکان کردبوویانە سەرچاوەی گریمانەی تیۆرەکانیان.

# ناونیشانی وانه:

## فێمینیزم وەک ڕوانگەیەکی تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش

- **بابەت ورەخنە سەرەکییەکانی فیمینیزم**

- دووەم: لایەنگیری جێندەریانە: فیمینیزم تێبینی کردووە سەرچاوە سەرەکییەکانی نووسیاری تیۆری باو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، هەروەها پیادەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ڕەنگدانەوەی بیری پیاوانەی نێرینەیە. بۆ نموونە، لە کاتێ تۆماس هۆبز لە وەسف کردنی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لە قۆناغی سروشتکردا زۆر بە ڕوونی جەختی کردووە لەسەر کاریگەری سروشتی نێرینە لەسەر سیاسەت، بەڵام ڕیالیستە هاوچەرخەکان هیچ گرینگییەک بە ڕۆڵی جێندەر لەو پەیوەندییەدا نابینن. بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو دەرەنجامە هەڵقوڵاوی ئەزموونی مرۆڤە بە گشتی.

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

- **بابەت ورەخنە سەرەکییەکانی فیمینیزم**

- سێیەم: دووبارە دارِشتنەوەی چەمکە سەرەکییەکان: فیمینیستەکان داوای دووبارە پێداچوونەوە بە چەمکە سەرەکییەکانی جیهانی سیاسەت دەکەن، لەوانە چەمکی دەوڵەت و هێز و بەرژەوەندی و ئاسایش. هەروەها پرسیاری ئەوەیان دەکرد ئایا وێناندنی پیاوانەی ئەو چەمکانە کاریگەری هەبووە لەسەر راپەڕاندنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان؟
- ریالیزم، بۆ نموونە، زۆر گرینگیی داوە بە خەسڵەتی پیاوانەی سەروەری وڵات، پشتی بەستووە بە بیرۆکەی هەرەمی سەرکردایەتی و توانای وڵات بۆ ئەنجامدانی جەنگ و خواستی سامان و دەوڵەمەندی و ناوبانگ و هەروەها راپەراندنی کارە نێونەتەوەییەکان جیاواز لە کێشە ناوەخۆییەکانی ولات.

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک ڕوانگەیەکی تیۆری ڕەخنەیی ئاسایش

- بابەت ورەخنە سەرەکییەکانی فیمینیزم

- چوارەم: لە خۆگرتنی ڕوانگە مێینییەکان: هەر لە کۆنەوە، ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا بە زۆری پەراوێز خراوە. لە پێناو تێگەیشتن لەوەی چۆن پەیوەندییە نایەکسانییەکانی جێندەر بووەتە هۆی دوورخستنەوەی ئافرەت لە سیاسەتی دەرەوە، ئەنجامدانی ناعەدالەتی و ستەم، کە ڕەنگی داوەتەوە لە وێناکردنی بەرژەوەندیی و هەڵسوکەوتەکانی وڵات. شیکردنەوەی کریستۆڤەر سیلڤیستەر لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ هەڵسەنگاندنی کاری پێکەوەیی ئافرەت لە وڵاتی زیمبابۆی و هەروەها چالاکی ئاشتیانە ئافرەت لە گرینهام، پابەندبوونی ئافرەتی بۆ تەرخانکردنی سەرچاوەی تێگەیشتنێکی زۆر کراوەتر بۆ چەمکی ئاسایش دەرخستووە، وە زۆر دوورتر ڕۆیشتووە لە تێگەیشتنی کلاسیکیانەی دەوڵەت سەنتەری state-centric؛ چەقی گرتووە لە بیرۆکەی پاراستنی وڵات لە هەڕەشە دەرەکییەکان

# ناونیشانی وانه:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

- ڕێبازوڕوانگە جیاوازەکانی فیمینیزم

- **یەکەم: فیمینیستە لیبڕاڵەکان**

- فیمینیستە لیبرالەکان زیاتر کاردەکەن لەسەر بابەتە پەیوەنددارەکان بە یەکسانی و نوێنەرایەتیکردنی ئافرەت لە دەسەڵات و بوارەکانی پەپلێکدا. ئەو فیمینیستانە کار لەسەر کۆکردنەوەی زانیاری ئەزموونگەرانە دەکەن بۆ زانینی ئەو فاکتەی ئافرەت تا چەند ئامادەیە لە دەسەڵات؟ پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و سیاسەتی دەرەوە؟ ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتیمانی؟ وە ئەگەر ئامادە نییە، بۆچی؟ ئایا تا چەند گرنگە ئامادەییان هەبێت؟ کاتێک ئامادەیی ئافرەت بوونی دەبێت، چ دەرهاوێشتەیەکی لەسەر باری ئافرەتان دەبێت؟

# ناونیشانی وانە:

# فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

- ڕێبازوڕوانگە جیاوازەکانی فیمینیزم
- دووەم: فیمینیستە رادیکاڵەکان.

فیمینیستە ڕادیکاڵەکان تەواو بە پێچەوانەی روانگەی پێشووەوە، کەمتر جەختدەکەنە سەر ئایدیای یەکسانی، بەڵکوو جەخت دەکەنە سەر ئایدیای 'جیاوازییەوە'. بۆ فیمینیستە رادیکاڵەکان، پیاو و ئافرەت بە سروشت زۆر لەیەکتر جیاوازن، جا ئەم جیاوازییە دەرەنجامی لایەنی بایەلۆجی یا کۆمەڵایەتی بێت. فیمینیستە رادیکالەکان لەسەر ئەوە کۆکن پیاو لە کاری گرووپدا توانای کەمترە و ئارەزووی هەست و سۆزیان زیاترە، وە زیاتر توندوتیژ و شەرانگێز و ئارەزووی رکابەرییان هەیە. لەبەرامبەردا، ئافرەت وەکو گرووپ زیاتر کۆگیر و یەکگیر و دڵکراوەن. ئەو روانگەیە هەوڵی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدات، ئەگەر ئافرەت ئامادەییان نەبووە لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان، یا لە مەیدانی جەنگدا، ئەی ئەوان لە کوێ بوونە؟ لەڕاستیدا، ئەگەر ئافرەت لەو شوێنانەی سەرەوە نەبووبن، بێگوومان لە نەخۆشخانەکان، لە پرۆسەکانی بنیاتنانی ئاشتی، لە کارگەکان، لە نەخۆشخانەکان بوونە

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

- ڕێبازوڕوانگە جیاوازەکانی فیمینیزم
- سێیەم: فیمینیستە پۆست-مۆدێرنیستەکان یا فیمینیستە رەخنەگرەکان.

فیمینیستە پۆست-مۆددێرنیستەکان دەچنە خانەی تیۆری رەخەنگرانەوە، هەوڵی شیکردنەوەی گریمانە باوەکانی سەبارەت بە پیاو و ئافرەت دەدەن، ئەوەی پێویستە بۆ ئەوەی بی بە پیاو یا بی بە ئافرەت، یا چی شتێک بەڕاستی هەڵسوکەوتێکی نێرینە یاخو مێینەییە، رۆڵێکی گونجاو دروستی ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگادا، لە نێوان کاردا، لە نیوان خێزاندا، هتد.... . فیمینیستە پۆست-مۆدێرنیستەکان و یاخود فیمینیستە رەخنەگرەکان باوەریان وایە هەموو چەمک و نۆرمە باوەکان وابەستە و گرێدراوی پیاوەتی و مێینەییە و دەبێت دووبارە هەڵبسەنگێندرێتەوە (چارلۆت، ۲۰۰۱). ئەو رەخنانە بۆ ئەوە نییە بە تەنها بگوترێت تەنها لایەنی مێیینە بووەتە قوربانی، بەڵکوو بەشێکی ئەو نۆرمە باوانە بووەتە سنووردارکردنی خودی رەگەزی نێرینە.

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

### جەنگ و جێندەر

شارەزاکانی روانگە فیمینیستییەکان رەخنەی زۆریان لە رێبازە 'نێرینییەکان' دەگرت، پێیان وابوو ئە تیۆرانە لە بنەڕەتدا مەبەست لێی دووپات کردنەوەی هێز و سیاسەتی هاوسەنگی هێز و دیپلۆماسیەتی خۆ سەپێنەرو تاکلایەنانە و بەکارهێنانی هێزە.

گۆلدستین پێیوایە رۆڵی جێندەر لە جەنگدا بە بێپچران بوونی هەبووە لە هەموو کۆمەڵگا جیاوازەکاندا. لەگەڵ ئەوەی جەنگ فرەرەهەند و فرەلایەنە، بەڵام کاتێک دێتە سەر بابەتی چوونە جەنگ و کۆکردنەوەی سەربازەکانی جەنگ، جەنگ دەبێتە یەکلایەنە: ئەویش لایەنی پیاو و جەنگە.

کینیتا ئینلۆی باسی کۆمەڵێک رێگای جۆراوجۆری کردووە کە لایەنی سەربازی و چەکدارییەکان پێویستیان بە ئامادەیی ئافرەتانەوە هەبوو، رەنگە هەرگیز ئەو رۆڵانە بە گرینگەوە باسنەکرابن. ئینلۆی دەڵێ: "بە هەزارەها ئافرەت خێزانی جەنگاوەرکان بوونە، جلوبەرگ شۆر، دابینکەرو ئێشکگریان بوونە. هەندێک کات ئەو خزمەت و رۆڵانەیان یەکسەرە بە جێگەیاندووە "

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

### جەنگ و جێندەر

بابەتێکی گرینگیی دیکەی نێوان جێندەر و ملمانێی چەکداری پەیوەندیی بە بابەتی دەستدرێژی سێێکسییەوە هەیە، هەمیشە رەگەزی مێ بووەتە قوربانی بەزۆر کردنیان بە لەشفرۆش و تاوانی دیکەی تایبەت بە دەستدرێژییەوە. ئافرەتە بەندکراو و دەستبەسەرکراوەکان رووبەڕووی ئەو نامۆبوونە دەبنەوە ناتوانن باوەڕ بە کۆمەڵگا بهێنن لە ماوەی دەستەبەسەرکردنیاندا رووبەڕووی دەستدرێژی سێکسی نەبوونەتەوە،

لە کاتێکدا، پیاوە بەندکراوەکان رووبەڕووی پرسیار و گومانی ئەوە نابنەوە ئاخۆ رووبەڕووی دەستریژی سێکسی بوونەتەوە یا نا.

# ناونیشانی وانە:

## فێمینیزم وەک روانگەیەکی تیۆری رەخنەیی ئاسایش

### جەنگ و جێندەر

ئافرەت، بەهەمانشێوە بووەتە قوربانی کاریگەرییە ئابوورییەکانی جەنگ هەمیشە لە دوای جەنگ بێکاری و نەهامەتی و گرانی بەدوای خۆیەوە دێنێت. ئافرەتانیش رووبەڕووی زۆرترین نەهامەتی دەبنەوە.

جگە لە کاریگەرییە نەخوازراوەکانی ئابووریی، کووشتن، دەستدرێژی و دوورخستنەوە، ئافرەتان لە دوای جەنگدا زۆر بە زەحمەت دەستیان دەگات بە تەندروستیەکی باش و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەکو ئاسانکارییەکانی خوێندن .